خۆشەویستیی ژیان



دانەر ؛ جاك لندن

وەرگێڕ ؛ محەمەد بەدری

خۆشەویستیی ژیان

نووسینی جاك لندن

وەرگێر محەمەد بەدری

چاپخانەی الحوادث..

بەغدا ـ ١٩٨٤

ئەم نامیلکەیە بریتییە لە سێ چیرۆکی درێژ کە لە کۆمەڵە چیرۆکەکەی چیرۆکنووسی ئەمەریکایی جاك لندن کە بەناوی ـ لەژێر ئاسمانی بەفریندا ـ بڵاوی کردوەتەوە هەڵبژاردووە ..

جاك لندن لە شاری سان فرانسیسکۆ لە ئەمریکادا لەدایك بووەو بە هەژاریو کوێرەوەری قۆناغی منداڵی بردوەتە سەرو هەمیشە حەزی لەوە بووە بە بەلەمەکەی بە ناو دەریاکاندا بگەڕێ .

چووەتە زانکۆی کالیفۆرنیاو لە پاشان هەوڵی داوە بە دوای زێردا بگەڕێو هەرێمو ناوچەیەکی یەکجار زۆری بینیوەو لەئەنجامدا بە دەست بەتاڵی گەڕاوەتەوەو هیچی دەست نەکەوتووە ..

هەرچەندە کە جاك لەندەن لەو سەفەرانەیدا بەدەست بەتاڵی گەڕاوەتەوە بەڵام توانیویەتی زۆر شتی پێویستو بەسود فێربێتو

بێت بە خاوەنی ئاقیکردنەوەیەکی پوختو بەبەرهەمو ئەو سەفەرانەی بوونەتە کەرەستەیەکی بەو سوود بەخش بۆ نووسینەکانی ..

ئەم سێ چیرۆکانەش نموونەیەکن لە چیرۆکە سەرکەوتووەکانی ئەم نووسەرە بلیمەتە ..

هیوام ئەوەیە لە بە کوردی کردنیاندا سەرکەوتووبم و ئاواتەخوازم کە خوێنەری ئازیزیش لێم ببورێ گەر کەموکوڕیەکی بە چاو کەوێ .

- وەرگێڕ -

خۆشەویستی ژیان

هەردوو پیاوەکە لە نێوان تاشەبەردەکاندا بەرەو کەناری ڕووبارەکە کەوتبوونە ڕێ ، ەوەندە هیلاك و شەکەت بوون ئەتوت هەر ئێستاکە ئەبووڕێنەوەو مرۆڤیش پێ نەئەکرا نیشانەی خۆڕاگرتن و سەبرکردن لەسەر دەم و چاویاندا بەدی بکات .

هەر یەکە بارێکی زۆر گران و قورسی لە سەر پشتی‌دا هەڵگرتبوو ، خواردن و نوێن و هەندی شتی پێویست لەوانەی کە پیاوی گەڕیدە پێویستی‌ی پێ دەبێ لەم جۆرە هەرێمانەدا ، سەرەڕای ئەوەش تفەنگێك کە هەر یەکێك لێیان بە شتێکی پێویستی ئەزانی ..

بەرێوە ئەڕۆشتن و چاویان بەرەو ئەرز شۆڕکردبوون ، جارێك ئەم پێش ئەکەوت و جارێ ئەو .. ماوەیەك کپ و مات بوون .. کە گەیشتنە لێوی ئاوە بەستووەکە بەسەریا ڕوێشتن . . ئاوەکە تا بڵێی سارد بوو بۆیە ناچار بوون هەردوو پێیان بە شتێك بپێچنەوە ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەر یەکە پێڵاوێکی قورس و گرانی لە پێ‌ی‌دا بوو ..

ئەو پیاوەی کە بەدوی هاوڕێیەکەیدا ئەڕۆشت بەرێوە زۆر شەکەت بووو بۆ چەند جارێك بووڕایەوەو کەوتە سەر ئەرز ، کەچی هاوڕێیەکەی هیچ جۆرە ئاوڕێکی لێ نەدایەوە •• ناچار بوو هاواری لێ بکات ••

ـ بێل •• هۆ بێل فریام کەوە قاچم شکا بێل ئاوڕێ نەدایەوەو لە بڕینی رووبارەکەدا بەردەوام بوو بەبێ ئەوەی سەیری ئەملاو ئەولا بکات •• کابرای پەککەوتووش بۆی ئەڕوانی‌و بە تەمای ئەوە بوو بگەڕێتەوە بۆ لای ، ئەویش وردە وردە دوور ئەکەوتەوە ، بۆیە گەیشتە ئەو بەڕی ڕفەو توڕەیی‌و واقی وڕماو چاوی سوور هەلگەڕاو دەمی کرایەوە ••

بۆ جارێکی‌تر هاواری لێ کرد :

ـ بێل •• ئەرێ بێل •••

کەچی بێل هەر گوێشی پێ نەداو ئاوڕێ لێ نەدایەوە وەك هیچ گوێ لە هاوارەکەی نەبێ •

کابرای نائومێدیش بە چاوێکی خەفەتبارەوە بۆ هاوڕێیەکەی ئەڕوانی تا لەبەر چاویدا ون بوو •

ئیتر وەك ئادەمیزادێکی سەرسام بە تەنیا لەم هەرێمە دووردو بەرینەدا مایەوەو هێزی ئەوەی نەبوو بەرێوە بڕوات چونکە قاچێکی لەکار کەوتبوو •• سەیری سەعاتەکەی کرد کات سەعات

جوان بوو ، بەڵام نەیئەزانی ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە ، لای وابوو یەکێکە لە ڕۆژە دوایی‌یەکانی مانگی گەلاوێژ یاخود سەرەتای مانگی ئاب ، چونکە ئەمە زیاتر لە دوو حەفتەیە ڕۆژو شەوی لە بیردا نەماوە .

وا هەستی کرد کە ئەم شوێنە ئەوەندە دوور نی‌یە لە دەریاچەی ورچە گەورەکە ، ئەمەی بە خەیاڵدا هات هەر چەندە ڕۆژێ لە ڕۆژان نەهاتووەتە ئەم دەریاچەیە بەڵام ئەوەی لە بیرە کە بە سواری بابۆرەوە پێرەدا تێپەر بووە .

سەیری دەورو بەری خۆی کرد هیچ جۆرە دارو درەختێکی بەدی نەکرد ، ئەوەی دونیای شاردووەتەوە بەفرێکی سپی ڕەنگەو هیچی کە ، هەستی بە ترس‌و تەنیایی کرد بۆیە هاوارەکەی تازەکردەوە :

- بێل .. بێل ..

هیچ جۆرە وەڵامێکی لە (بێل)ەوە بەر گوێ نەکەوت ، واتە هاوڕێ‌یەکەی زۆر دورەو ڕۆشتووەو ئیتر گەڕانەوەی بۆ نی‌یە . ئەوەندە هیلاک‌و شەکەت بو هیچی بۆ نەمابوو لە خۆی بچێت‌و بکەوێت .. هیلاک‌و خەفەتبار‌بوو .. تفەنگەکەی لێ بەر بووە ئاو ڕووبارەکەو ئاو بردی . هەوڵێکی زۆری‌دا بۆ دۆزینەوەی کەڕا بەدوایدا ، هەر ئەمەش بوو بە هۆی گەڕانەوەی ئەو تۆزە گوڕ‌چو گوڵی‌یەی . تفەنگەکەی دایەشان‌و وردە وردە کەوتە ڕێ ،

پشووداتی بۆ نەبوو ، جێ‌پێی هاوڕێیەکەی باشترین رابەری بوو بۆ رۆیشتن .. بە هەمان رێگەدا ڕۆیی تا گەیشتە ئەو بەرزایی‌یەی کە بەسەر دۆڵە بەرینەکەدا شۆر ئەبێتەوە .. بە وریایی‌و کەمە کەمە گەیشتە ئەو دۆڵە سامناکە ..

زەوی‌یەکە سەرانسەر تۆقیی ئاو بوو بوو . . سەرەڕای ئەوەی کە هەنگاوێك ئەنا قاچی تۆقیی قوڕاوەکە نەبوەوە کەچی هەر بەردەوام بوو لەوەی رێگەی هاوڕێیە راکردووەکەی بگرێ، چونکە جێ پێی ئەو هاوڕێیەی لە ناو قوڕاوەکەدا دیار بوون‌و وەك هەندێ دوورگە لە ناوەرا سێی ئۆقیانووسێکدا وەدەر ئەکەوتن . هەر چەندە ئەم زەلامە لەم جیهانە پان‌و بەرینەدا بە تەنیایی مابووەوە بەڵام هەستی بە ون‌بوون نەئەکردو خۆشی لە راستی‌دا ون نەبوو بوو ، بڕوای بەوە بوو کە ئەمرۆ نەبێ سبەی ئەگاتە ئەو شوێنەی کە تیادا ئەمرێ ، واتە ئەگاتە ئەو رۆژەی کە مردن تیادا چاوەڕێ‌یەتی ، لەبەر ئەوە پێویستە خێرا بڕواتەو ئەوەستێ بۆ ئەوەی بگاتە جێگەیەکی هێمن .. بۆ نموونە بگاتە ریفاردیزو چاوی بە پێڵی هاوڕێی بکەوێ ، پێل کە ئێستاکە چاوەڕێ‌یەتی‌و لەوێ‌شەوە بۆ دەریاچەی ورچە گەورەکە ئەکەونە رێی پاشان ڕو ئەکەنە باشوورەوەو بەرەو (ماکێزی)و لەوێ‌شەوە بۆ یەکێك لەو بنکانەی کە کۆمپانیای - هدسۆن‌بای - دایانمەزراندووە ئەوەو لە ئەنجامیشدا ژیانێکی خۆش‌و خواردنێکی بەتام‌و لەزەتیان وەدەست ئەکەوێ .

بەو پەڕی هیلاکی‌و شەکەتی‌دا ڕێگەی ئەبڕی‌و ئەم شتانەش لەناو مێشکی‌دا ئەهاتن‌و ئەچوون .. ئەوەی سەیرێشە قەت بڕوای بەوە نەبوو کــە هاوڕێ‌یەکەی بەجێی هێشتبێ ، مەزەنەی وابوو هەوڵی داوە پێشکەوێ بۆ ئەوەی بگاتە ئەو شوێنەی کــە خوراک‌و زەخیرەی تێدایە بۆ هەردوکیان .. چۆن ئەبێ بیل لەم هەرێمــە دوورەدا بە جێی بهێڵێ ؟ بیل گــەر ڕاست بێ‌و جێی هێشتبێ ماناى ئەوەیە ئیتر پێویستە واز لە ڕویشتن بهێنێ‌و چاوەڕوانی مردن بێ ، چۆنکە ئەوەی ڕاستی‌بێ بێ ئاگرێ بە تەنیایی ئــەم ڕێگەیە تەواو بکات .

ئەم زەلامــــە ماوەی دوو ڕۆژ ئەبێ هیچی نەخواردووە .. تووشووەکەی کۆتایی پێ هاتەوەو ئێستاکە هیچ جۆرە خواردنێکی نی‌یە ، بە ناچاری پەنای بردە بەر هەندێ دڕک‌و گیا هەرچەندە کــە ئەشیزانی سوودیان نی‌یە بەڵام چ بکــا هیچ نەبێ تا ماوەیەک لــە برسی‌بەتی دووری ئەخەنەوە ..

لە سەعات نۆدا پێی بەر یەکێک لە تاشەبەردەکانا کــەوت‌و برینەکەی وای لێ کرد بکەوێتە سەر ئەرز .. تا چەند دەقەیەک بەم شێوەیە مایەوەو لە پاشدا توانی بێتە سەر خۆی .. تاریکایی تـا ئەم کاتە دونیای نەپۆشیبووە ، هەندێ کۆتەڵە داری کۆکردەوەو ئاگری داگیرساند بە مەبەستی ئەوەی تۆزێ ئاو گەرم کات .

شخاتەکەی هێنایە دەرەوەو دەستی بە ژماردنی دەنکەکانی کردە

شەست و حەوت دەنک بوون .. سێ جاریان ژمارد ، پاشان بە سێ سێ دایاننا ، هەر کۆمەڵێکی خستە شوێنێکی تایبەت . یەکێک لە گیرفانی ، ئەوەی تر لە سنگی ، سێیەمیان لە ناو کیسە توتنەکەی و چوارەمیان لەناو کڵاوەکەیدا . کە لەمە بووەوە دەنکەشخاتەکانی دەرکردو بە وردی و هێمنی دەستی بە ژماردنیان کردەوە ، لەوە دڵنیا بووەوە کە تەواون ..

پێڵاو گۆرەوییەکانی وشک کردەوەو نوێنەکەی گەرم کرد بینی قاچی ئاوساوەتەوە چاک بەستییەوەو هەندێ ئاوی خواردەوەو سەعاتەکەی پێچدایەوەو بەتانییەکەی بە خۆیەوەدا ، بەو پەڕی هێمنی تا بەیانی خەوت .. بەیانی کاتێ کە سپای ڕوناکی تاریکی شەوی ڕاو نابوو ، تەماشای سەعاتەکەی کرد کات شەشی بەیانی بوو .. کاتێ لەسەر پشتدا ڕاکشابوو تەماشای تاریکایی ئاسمانی ئەکرد هەستی بە برسییەتی کرد ڕنخۆتەکانی ئەتجن ئەتجن ئەکات لەم کاتەدا کە ویستی ڕاست بێتەوە ئاوڕی دایەوە چاوی بە ئاسکێک کەوت نزیکەی چەند مەترێک لێ نزیکە ، خێرا پارچە گۆشتێکی برژاوی ئەو ئاسکەی هاتە بەر چاو ، خێرا دەستی دایە تفەنگە بەتاڵەکەی و پەنجەی خستە کار بەڵام بێ سوود .. ئاسکە ڕای کردو هیچمان لە هیچ .

پیاوەکە گەیشتە قینی و جنێو بارانی تفەنگەکەی کردو دایە گرمەی قیژە قیژو هاوارکردن و هەستایە سەر پێی بەڵام ئای لە ئازاری لاقە شکاوەکەی ! سەیری دەورو بەری خۆی کرد کەچی

شوێنەوارێـــکی ژیانی بەدی نەکرد •• ئاسمانی تاڵو گـــران •• هەتاوێـکی شاراوەو جـــگە لـــە بەرد بەولاوە هیچی نەبینی • • بەردەکان بەگشتی شـــاراوەی شەختەیەکی سپی ڕەنگ بوون •• ئەوەی هاتە بەرچاو کە ڕێـگەی بزرکردوە واتە لێ ئاشکرا بووەوە کـــە ڕێـگای ون کردووەو ئیتر بێ ناکرێ بزانێ لە چ شوێنێکەوە هاتووە ئەمە لە کاتێکدا کە دڵنیا بوو کە هەر ئەکاتە مەنزڵ ••

شتە پێویستی‌یەکانی کۆکردەوەو لەوە دڵنیابوو کـــە دەنـکە شخانەکانی پێیە ، ئەشیاکانی لەسەر پشت قایم کردەوەو کـــەوتە ڕێ ، قاچە شکاوەکەی زۆر ئازاری ئەداو ئەمەش لەچـــاو ئـــەو ئازارەی کە گەماڕۆی ڕیخۆڵەکـانی دابوو هیچ نەبوو • • ئازاری برسی‌یەتی تەحەموڵ نەئەکراو ئەو دڕکو گیایەش کە بە ناچـــاری ئەیانخوارد گڕیان تێ‌بەردابوو لە ناو زمانو قورگی‌دا •

گەیشتە دۆڵێك پڕ بوو لەو تەیرانەی لە فەڕێ ئەچن ، دڵی بەم تەیرانە خۆش بوو ، دەستی بـــە بەردبارانیان کـــرد ، بێ ئەکرا یەکێکیان بپێکێ ، ناچـــار بوو ئەشیاکانی بخاتە سەر ئەرزو دوی تەیرەکان کەوێ وەك پشیلەو مشك ڕاوکردنی •• بە بێ ئـەوەی ئاگای لە خۆی بێ تاشە بەردێك جلو بەرگەکانی دڕی‌و قـــاچی بریندار کرد ، بەلام ئازاری قاچی لەچاو برسی‌یەتی‌دا خـۆی پێ‌ی نەئەگیرا ••

جارێـکیان پێ‌ی کرا یەکێك لەم تەیرانە بگرێ بەلام توانی

بفڕێ • حوتی بە تەیرەکان بەکشتیدا ، کە ئاتیش هێزێ ئەوەی تیادا نی یە یەکێکیان بگرێ ئەو مەکەکانی دایە کوڵو رویشت •• دۆڵو جیای بڕی چاوی بە تریکەی پشت ئاسك کەوت ، زۆر لێ دوور بوون ، هەستی کرد پێویستە پیان گرێ چونکە برسی بەتی یەکەی لە حەد بەدەر بوو ، ڕێوی یەکی بینی قەڵەیەکی بەدەمی یەوە بوو ، هاواری لێ کردو بەسەریا قیژاندی ، ڕێوی یەکە ڕای کردو نێچیرەکەی لە گەڵ خۆیدا برد •

دەوروبەری سەعات پێنجی ئێوارە بوو کاتێ کە گەیشتە کەناری رووبارێکی بچکۆلانە لە ناو دۆڵەکەتدا ئەسانە خوارێ ، ئەوجە گیایەك بینی وەك پیاز سەوز بوو ویستی لێ بخوات کەچی بێ تام بوو •

سەرەڕای ئەوەی زۆر برسی بوو هەستی بە ماندووبوونێکی بێ پادە ئەکرد ، زوو بە زوو هەنگاوی ئەنا بە ئیازی ئەوەی بگاتە شوێنێك هەندێ خواردەمەنی ی تیادا دەست کەوێ •

زۆر جاریش ئاوڕی لەم لاو ئەو لای رووبارەکەی ئەدایەوە بەشکوم چاوی بە بۆقێك ، دەعبایەك بکەوێ ، بەڵام رەنجی بێ بەر • چونکە لەو هەرێمە دوورانەدا نە بۆق ئەژی‌و نە دەعبا •

دنیا تاریك بووەوە ، مانگەشەو بوو ، لە دەریاچەیەکی بچکۆلانەدا ماسی یەکی بینی ، هیچی بۆ نەمابوو شێت بێ‌و وەك گیانلەبەرێکی دڕندە هێرشی بردە سەر ، ماسی یەکە خۆی دەرباز

کردو نوقمی ئاوەکە بوو ، جارێکی تریش تەقەلاکەی دووبارە کردە وە .. کە خەریکی گرتنی ماسی‌یەکە بوو کەوتە ناو ئاوەکەوە جلەکانی تەڕ بوون ، هەستی بە ئاومێدی کرد ، کەچی کۆڵی نەدا ، شەڕەکە لە نێوان ئەمو ماسی‌یەکە زۆر توندو تیژ بوو ، لە کۆتایی‌دا هیچی بۆ نەکراو ئازاری برسی‌یەتی گڕی گرتەوە .. بەجۆرێ‌و بۆلە بۆڵ کەوتە ڕێ‌و پاشان بوو بە قیژە قیژو هاوار کردن‌و وەك منالێکی ساوا دەستی بە گریان کرد .

ئاگری کردەوە بۆ ئەوەی لەشە ساردو سڕەکەی گەرم بکاتەوە ، خێوەتەکەی لە سەر بەردێکی گەورەدا هەڵدا وەك شەوی پێشوو ، دڵنیا بوو کە دەنگە شخانەکانی بڕیە ، سەعاتەکەی سوڕاند ، نوێنەکانی هێشتاکە هەر تەڕ بوون‌و قاچیشی ئازاری دەدا . بەڵام ئەمە هەمووی وەك ئازاری برسی‌یەتی نەبوون ، شەوەکەی بردە سەر ، بەڵام بەدرێژایی شەودا هەر خەو بە خواردن ئەبینی ، ئەو خوراکەی کە بەملاو بەولا دابەش ئەکرا وهەر یەکە یەکە ئارەزووی خۆی لێی ئەبرد کەچی خۆی ئێستاکە لێی بێ بەشە .

بەیانی زوو خەبەری بووەوە ، هەستی بە سەرماو نەخۆشی ئەکرد ، ڕۆژ هەڵنەهاتبوو ، ئاسمانێکی تاریك‌و هەوایەکی توندو تیژو بەفریش شوێنە بەرزەکانی بە ڕەنگێکی سپی بۆیاخ دابووەوە .

هەستی بەوە کرد کە ئەم ڕۆژەی شەڕی لە دڵدایەو لەبەر ئەوە پێویستە هەتا زووە ئەم شوێنە جێ بهێڵێ .. ئەشیاکانی

کۆکردەوەو خێرا خێرا کەوتە ڕێو ئەوەی ڕاستیش بێ ئەمە جاری یەکەمی نی یە کە ئەم جۆرە بیرانە بکاتەوە ، چونکە هەمیشە ئەوەی ئەمانە بەر چاو کە پێویستە بە زووترین کات بگاتە شوێنێکی هێمن یاخود بگاتە بەل ی هاورێ یی •

لەو ساتەدا هەرچی ئاوات و ئامانجی هەبوون بە گشتی لە یەك شت کۆدەبوونەوە ئەویش مەسەلەی خواردن بوو ، برسیەتی عەقلی لەسەردا فڕاندبوو • نەیئەزانی چۆن ئەڕواتو بۆ کوێ ئەچێ •• تەنیا ئاواتی ئەوە بوو خواردنی دەست کەوێ •

کە شەو هاتو هیچی دەست نەکەوت ئاگری پێ ی بکاتەوە ناچار بوو تەحەموولی برسیەتی و سەرما بکات بخەوێ •• بەفرەکەش بووە بارانێکی یەکجار توندو تیژ ، بۆ چەند جارێك خەبەری بووەو دی دەمو چاوی بە ئاوی باران شوڕاونەتەوە •• بەیانی باران لە بارین کەوت بەڵام خۆر هەڵنەهات ، دنیا تار وتەڵخ بوو ، سامناك و ناخۆش بووو سەرەڕای ئەمانیش بەگشتی ئازاری برسیەتی و قاچە برینداره‌کەی کە خوێنی لێ ئەچوو •• هەر چەندیشە کە لێ ئاشکرا بوو ڕێگەی بزرکردووە بەڵام هەر لەسەر ڕویشتنی بەردەوام بوو •• هەندێ جار بە ناچاری پشوویەك ئەدا چونکە تاڕی لەبەردا نەمابوو ، هەندێ جاریش پەنای ئەبردە بەر درك و گیاو ئەیانجاو کە قوڕگی وشك ئەبووەوە تەڕی ئەکرد ، دڵیشی کەوتە لێدانێکی یەکجار زۆر بۆیە بۆ چەند جارێك ئەبورایەوەو لەهۆشی خۆی ئەچوو ئەکەوتە سەر ئەرز •

بوەیژ بوو کاتێ لەناو ئاوەکەدا چاوی بە دوو ماسیی بچکۆلانە کەوت ، هەر یەکێکیان بە قەدەر پەنجەی دەستێ درێژ بوو ، سەیرێکی کردو فێڵو وریایی بەکار هێنا بۆ ئەوەی بیانگرێ ، لە ئەنجاما هەردوکیانی گرتو بەمە توانی بەسەر ئازاری برسیەتیدا زاڵ بێت ، دوو ماسیەکەی خواردو سێیانی تریشی بینی ..

بەم جۆرە مەتیەی گیرودەی خەوتن بوو ئنجا نۆرەی ئازاری دڵەی .. کەبیشتە شوێنێکی سەیر لە شوێنەکانی‌تر ئاچێت . ئاسکی زۆرو گۆرگی بێ ژمارە .

شەوێکو دوانی بەسەر برد ، بەیانی کە خەبەری بووەوە نۆرەکە پشتینەکەی دەرهێناو کردیەوەو هەندێ خوڵە زیری لێ دەرهێناو کردیە دوو بەش ، هەر بەشێکی نایە ناو کیسەیەکی نایەت ، تفەنگەکەی هەڵگرتو بە جوانی سەیری کرد ، بێگومان کە بێگانە (ریفاردیز) فیشەکی بۆ پەیدا دەکات .

رۆژەکە تەماوی بوو ، کوت وپڕ برسیەتیەکەی خەبەری بووەوە ، هەستی بە شەکەتی کرد ، کە چەند هەنگاوێك ئەرۆشت ئەکەوتو راست ئەبو وەوە ، بە لای هێلانەیەکدا تێپەڕی چوار بەچکە قەتەی تیادا بوو ، بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ هەر چواریانی قووت دایەوەو هەندێ توێکلی هێلکەی کۆنی تیادا بوو ئەوەشی خوارد .

ئەیرەکە کە ئەم کارەسانەی بینی وەك شێت و هاری لێ هات و هێرشی هێنایە سەر پیاوەکەو ویستی بە جڕنوك چاوەکانی لە کەللەی دەربێنێ • بەلام نوانی خۆی پارێزێ و بە تفەنگەکەی شەڕی لـــە گەڵدا بکات و لە دواییدا باڵێکی بشکێنێ ، ئینجا باڵندەکە ڕای کرد و ئەمیش بـــە غـار بە دوایدا بیرکردنەوەی لـــە تامو چێـــژی گۆشتی ئـەم جـۆرە ئەیرانە وای لێ کـــرد زیاتر هـەست بـە برسیەتی بکات و حەز لە خواردن بـــکات ، چـاوی بەم لاو بەولا ئەگێرا بە مەبەستی پەیداکردنی ئەیرێك ، گیانلەبەرێك کەچی دنیاو شارێکی ویران •• دەستی بە هاوارکردن کرد ، پاشان ئەو باڵندە جـەرگ سووتاوەی بینی ، کـــەوتە دوای ، ئەویش بـە باڵێکی شکاوەوە ڕای کردو ئـەم مەسەلەیە ماوەیەکی زۆری خـــایاند تا پیاوەکە لەناو دۆڵەکەدا خۆی بینی ••

لەو دۆڵە یەکجار قووڵەدا کە بەرەو پێشەوە ڕوانی چاوی بـە هەندێ شوێنەوار کەوت •• گومانی لەوەدا نەبوو کە شوێنەواری خۆی نییە ، واتـــە دوور نییە جێ پێی (پیل) بێ ، بەلام ناتوانێ چاوەڕوان بـکات و بـگەڕێ بە دووی هـاوڕێیە ڕاکردووەکـەی پێویست ئەوەیە پێش هەموو شتێك ئەو باڵندەیە بگرێ •

زەلامەکە توانی باڵندەکە شەکەت و ماندوو بـکات ، ئەمە لـــە کاتێکدا کە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ خۆیشی لە کاردا خست ، کەوتە سەر ئەرزو هێزێ ئەوەی تێدا نەمـــا بـتێك ڕێـگە ببڕێ ، باڵندەکەش یەکجار نزیکی بوو ، نزیکەی دە پێی لێ دوور بوو ،

کەچی بۆی نەنەکرا ئەو تەیرە بەستەزمانە بگرێ . کە هاتە سەر خۆی و بەئاگا بووەوە باڵندەکەش بە ئاگا هاتبووەوە ، ئیتر بۆ جارێکی تریش بەزمەکە دەستی پێ کردەوە ، بەڵام تاریکایی وای لە باڵندەکە کرد لە داوی گرتن دوور بکەوێتەوە ، زەلامەکەش لە بەدوکەوتنی وازی هێنا .. ئەوەی بۆ بوترێ هێز .. توانا لەلای ئەمدا نەمابوو ، بۆ جارێکی تر کەوتە سەر ئەرزو بەم حاڵە تا بەیانی خەوت .

ڕۆژی دووەم لەچاو ڕۆژی یەکەمدا زۆرتر تەماوی و تاریک بوو ، زوربەی پێخەفەکانی بە تیمار کردنی قاچە شکاوەکەیدا سەرف کردبوو و دڵنیا بوو لەوەی بە تەواوەی شوێنەواری هاوڕێیەکەی ون کردووە . تۆ بڵێی کەسێکی وا هەیە وەك ئەم لەم هەرێمە دوورانەدا ڕێگەی بزر کردبێ ؟ ئەم پرسیارەی کرد ، ئای لەم دەردە سەختەی کە تووشی بووە ، ئای لە ئازاری برسیەتی کە عەقڵ و هۆشی لە سەر بردووە ! ئای لەم برسیەتی‌یە کوشندەیە کە هەستی پێ ئەکا ! هەستی بە گرانی بارەکەی سەر پشتی کرد ، بۆیە زێڕەکەی دەرهێناو هەندێکی لێ فڕدایەوەو لە پاش نیوەڕۆشدا بەشەکەی تریشی کردە نەسیبی بەفرەکە ، ئیتر جگە لە هەندێ پێخەفەو تفەنگەکەی هیچی تری بۆ نەمایەوە .

لەناکاو کەوتە ناو بیروڕایەکی سەیرەوە ، گومانی لەوە پەیدا کرد کە تفەنگەکەی فیشەکی تیدا نی‌یە ، ئەمە لە کاتێدا کە چاك ئەیزانی بەتاڵە ، بەڵام ئیتر بڵێین چی ؟ لە خۆیەوە تووشی ئەم خەیاڵە

قۆزە بوو .. خەیاڵەکە لە گەڵ عەقڵیدا کەوتبووە زۆرانبـــازی ، تەماشای تفەنگەکەی کرد ، لێ ورد بووەوە ، فیشەکی تیادا نی‌یە ، هەستی بەو پەڕی ناومێدی کرد ..

لە پاش نیوسەعاتدا خەیاڵەکەی دیسانەوە هاتە سەری‌و دوو بارەو سێ بارە ئەبووەوەو هـەموو جارێك تفەنـگەکەی ئەپشکنی‌و لە بەتاڵی‌یەکەی دڵنیا ئەبووەوە ، ئیتر بەم جۆرە تا ماوەیەك مایەوە تا ڕادەیەك جارێـکیان کە چاوی کردەوە ئەسپێـــکی بینی .. لـە سەرەتادا بڕوای نەکردو بە دەستکردی خەیاڵی دانا ، دەستی بە چاویدا هێناو بە وردی دقەتی‌دا بینی کە گیان‌لەبەرەکە ئەسپ نی‌یە بەڵـکو ورچێکی گەورەیەو ئەویش لە دوورەوە تەماشای ئەکات .

لوولەی تفەنگەکەی ڕوو بە ڕووی ورچەکە کرد ، کـە هاتە بیری بێ فیشەکی تفەنگەکە خستی‌یە شوێنەکەی خۆی‌و چەقۆیەکی دەرهێنـــا .

ئیستاکە گیان‌لەبەرێکی لە بەردەمدایە کـە گۆشتێکی زۆری بێ ئەبەخشی‌و ژیانە بزربووەکەی بۆ تازە دەکاتەوە ، چەقۆوەکە تـــا بڵی تیژ بوو ، گەر هێرش بەرێتە سەر ورچەکە بێ گومان ئەیکوشێ ، بەڵام لێدانی دڵی دەستی کرد بەئازاردانی‌و قاچە شکاوەکەشی هاتەوە مەیدان .

ئەو توزە ئازایەتی‌یەش کە هەیبو وردە وردە کپ دەبووەوە ، ترس بە سەریا زاڵ بوو ، لەوە ئەترسا ئیستاکە ورچەکـــە هێرش

بەرێتە سەری •• بێ جوڵە وەستاو •• ورجەکە دوو هەنگاوی هاتە پێشەوەو راوەستا •• زەلامەکە پێنەکرا پێکات ئەوەك ورجەکە دوای کەوێ •• کە هێرش بەرێتە سەری رەنگە سەرنەکەوێ ، گوتەو پڕ هەستی بەوە کرد کە ئازایەو قووەتەکەی جارانی وردە وردە بۆی ئەگەڕێتەوە ، ئەم ئازایەتی‌یە هی مرۆڤێکی ئاوەتەی ترسنۆکە ، مرۆڤێك بەرگری لە مەسەلەی ژیانو مردن •• ماڵو نەمان ئەکات ، بۆیە بەو پەڕی تواناو ئازایەتی ڕو بە ڕوی ورجەکە بووەوە •

ورجەکە جوڵایەوە بەڵام ئازایەتی ئەم ئادەمیزادە سەیرە جێگەی سەرسوورمان بوو •• زەلامەکە نە جوڵایەوەو وەك پەریکەرێك راوەستاو سەیری ورجەکەی ئەکردو بیری لەوە ئەکردەوە چۆن لە خەتەری ئەم گیانلەبەرە خۆی بپارێزێ • • یاخود لە گورگ گەر لەم مەترسی‌یە رزگاری بوو • • ئەوەی ڕۆیدا جارێکیان تووشی بوو بە تووشی گورگێك ، راستر گەلە گورگێك ، بەڵام بە قەنێ ڕاوکردن خەریك بوو ئاگای لەم کابرایە نەبوو ••

ئێوارە لە پاش ئەوەی لەدەست ورجەکە ئەجاتی بوو هەندی ئێسقانی بینی کە گورگەکان بەجێیان هێشتبوو ، ئێسقانی ئاسك بوون ، گوشتەکەیان خوڕا بوو ئێسقانەکەیان بۆ پیاوێکی برسی وەك ئەم بەجێ هێشتبوون •

بە جلوێنـــکی برسی‌و سەرسام ســـەیری پاشماوەی ئـــەم گیان‌لەبەرەی کردو بیریشی لە رووداوەکـــانی ڕۆژانی پێشـــووی ئەکردەوە •• خۆزگەی بە مردن ئەبرد ••

ئیجا مردن چی‌یە ؟! هیچ نەبێ خەوێکە ئاسوودەیی بە لـەش ئەدات !

ئەم بیرکردنەوەیە زۆری نەخایاند پەلاماری ئێسقانێک‌داو بە دان تیا بەر بوو ، بەڵام ئێسقانی جی ، بۆ چی گورگەکان هیچیـــان پێوە مێشتبوو بە کەڵـکی خواردن بێت ؟!

کابرا چونکە زۆر برسی بوو هەستی بە تامو لەزەتێکی یەکجار خۆش کرد ، هیچ نەبێ تامی گوشتی کرد ، کە قەیی لە ئێسقانەکاندا ئەگرت ئەتوت پەرختێکی برژاوی لەبەردەمدایەو بە تایبەت بۆ ئـەم ئامادە کراوە •• دانەکانی تواناى ئەوەیان نەبوو ئێسقانەکان بهاڕن بۆیە هەندێکیان تووشی ژەرەو ئازار بوون •• ئیتر ناچار بوو لـــە ئێسقان کرانەوە واز بهێنێ •

بەفرو بارانێکی زۆر باری‌و بەم حاڵەتە چەند ڕۆژێکی بەسەر بردو ئیتر وای لێ هات هەست بە مەسەلەی کـاتو ڕۆژو شـــەو نەکـــات •

ئەرۆیشت بەرێوە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ ، کـە ماندوو ئەبوو پشوویەک ئەداتو ئەوەی بۆ بـەردەوام بوون هـــانی‌ئەدان مەسەلەی مان‌و نەمان بوو •

پاشان گەیشتە رادەیەك هەست بـــە هیلاكی نەكـــات ٠ ٠ دەمارەكانی سڕ بوونەوەو خەیاڵو خەونو سەرسامی سواری سەری بوون ٠ دەستی كردە مژینو جواندنی ئەو تیسقانانەی كە لە گەڵیا هەڵیان گرتبوو ٠٠ وازیشی لەوە هێنا كـــە بە ناو دۆڵو كردەكاندا بڕوات ٠٠ رووبارەكـەی كردە نیشانەدەری خـــۆیو لـــە گەڵیدا بەرەو دۆڵەكە كەوتە رێی ٠ كە بەڕێوە ئەڕۆ شت هیچی نەئەبینی نە رووبارو نە دۆڵ ئەوەی بە سەریدا زاڵ بوون خەیاڵو ســەودا سەری بوون ٠٠ گیانو جەستەی وەك دوو شتی جیاواز وابوونو توانی یەكگرتنەوەیان شتێكی محاڵ بوو ، ئەوەی بەیەكەوە كۆیان كردبووەوە دەزوویەكی باریك لە وەی جاڵجاڵۆكە ئەچوو ٠

كە هاتە سەر خۆیو بەئاگابووەوە بۆی ئاشكرا بوو كـــە لە سەر ئەرزەكە كەوتووە ، رۆژ هەڵاتبوو دنیاش گەرم بوو ، لـــە دوورەوە دەنگی ئاسكێكی هاتە بەر گوێ ، بەفرو بارانە زۆرەكەو گەردەلوولەكـە راستو چەپی پێ‌ی كرد هاتەوە بیر ، بەڵام ئەوەی لـە بیری نەمابووە ماوەكە بوو ، ئەم حاڵەتە چەندی خایاند ٠٠ دوو رۆژ ٠٠ دوو حەفتە ٠٠ زیاتر ٠٠ ئەوەی لە بیردا نەما بوو ٠

بەبێ ئەوەی بجوڵێتەوە تۆزێ راكشا ٠٠ هەستی بە خۆشیو گەرمایی رۆژەكەی كرد ، لای وابوو ئیتر هەروا ئەبێ ٠٠ هەوڵیدا ئەو جێگەیە دەستنیشان كات كە ئیستاكە تێدایەتی ٠٠

ئەوەی پێ‌كرا ٠٠ زۆری لە خۆی كرد بۆ ئەوەی بەسەر لادا

بکەوێ •• تەماشای ئەو ڕووبارەی کرد کە لە سەری کەوتووە •• بە مەزەنە بۆی دەرکەوت ڕووبارەکە بە ناو دۆڵەکەوە بەرەو دەریا ئەڕوات ، هەتا ئەم مەسەلەیەش بکرە بەلای ئەودا شتێکی ڕاستەقینە نەبوو بەڵکو وەك خەیاڵ وابوو •

چاوی نووقاند پاش تۆزێك کردی‌یەوە •• تابلۆوەکـــە هەر وەك خۆیەتی‌و نەگۆڕاوە ، واتە خەیاڵ نی‌یەو ئەوەشی ئەزانی کە لەم جۆرە هەرێمانەدا باپۆڕو دەریا بەر چاو ناکەوێ •• واتــە وەك چۆن لە تەنگەکەی دڵنیایە کە بێ فیشەکە ئەمەش وەها ••

لە لایەن پشتی‌یەوە گوێ لە ناڵە ناڵێك بوو ، بە هێمنی ئاوڕی دایەوە ، چونکە ئازار ئارامی لێ بڕیبوو ، هیچی نەبینی ، خــۆی متدایەوە گــوێ ڕاگرت ، بۆ جارێکی‌تر هەمان ناڵەی بیستەوە ، ئەم جارە کۆکینی لە گەڵدا بوو ، لە نێوان دوو بەردا بۆرە سەرێك وەدەرکەوت ، زانی سەرەکـــە هی گورگێکی دڕندەیە ، وای بــە خەیاڵدا هات ئەم گیـــانلەبەرە نەخۆشە ، چونکـــە بەبەردەوامی ئەیناڵاندو ئەکۆکی‌و بە زۆر ئەجولایەوە ••

ئیتر بۆی ساغ‌بووەوە کە شتەکە خەیاڵ نی‌یە ، ناچـــار وای لێ‌هات بە چاوێك بۆ گورگە دڕندەکە بڕوانی‌و بە چاوێکی بۆ ئەو دەریا دوورەو ئەو باپۆڕانەی کە لە ناویدا هاتوچو ئەکەن •

کەواتە ئەم زەلامە بە ڕێگەدیارو دەستنیشان کراوەکەدا بەرێوە ناڕوات بەڵکو بەرەو باکووری ڕۆژ هەلاتی مدیز دیغیدەو لەوێشەوە

بەرەو دۆڵی «کوبرمین» ڕێگەی گۆڕیوە .. واتە ئەم دۆڵە قووڵە دۆڵی (کۆبرمین)ە وئەو دەریایە ئوقیانووسی بەستراوە (المتجمد) .. ئەو پاپۆرەش یەکێکە لە پاپۆرەکانی کۆمپانیای (هدسۆن‌بای)یە بەم جۆرە مەسەلەکەی بە شێوەیەکی ڕاستە قینە بۆی ساغ بووەوە .

تۆزێ دانیشـــتو بیری کردەوە چ بـــکات . . ســـەیری سەعاتەکـــەی کرد .. سەعـــات پازدەی پێش ئێوە ڕۆیە . . نە تفەنگ‌و نە چەقۆوەکەی پێ مـــاوەتەوە لـــە پەتاتی‌یەك بـــەولاوە هیچی تری پێ نەماوە .. دەنـــکە شخاتەکانیش هـــەتا ئێستاکـــە نەقەوتاون‌و هیچ زەرەرێکیان پەر نەکەوتووە .

هەرچـــەندە کە لەو پەڕی شەکەتی‌دا بوو کەچی بیرو عەقڵ‌و هۆشی وەك خۆیان وابوون‌و لەکار نەکەوتبوون ، ئازارو قاچـــە شکاوەکەی لە بیری نەمابوون ، هەستی بە برسی‌یەتی نەئەکرد ..
ئەوەی بیری لێ ئەکردەوەو بە پێویستی ئەزانی ئـــەوە بوو چۆن خۆی بگەیێنێتە ئەو پاپۆڕە کە لە دوورەوە ئەیبینێ ..

کەلکی ئەوەی نەمابوو بـــکەوێتە ڕێ‌ی ، گاموولەی ئەکردو بەبێ ئەوەی ئاگـــای لە خـــۆی بێ ڕووی کردە گیـــان‌لەبەرە نەخۆشەکە .. سەیر لەوەدا بوو کە گورگەکە بە هەناســـە بڕکێ هەوڵی ئەدا لێ دوور کەوێتەوە ، کابرا بە دیتنی زمانی زانی کـــە بەرەو مردن ئەچێ .. زەلامەکـــە هەستی کرد تواناى ڕاوەستانى هەبەو پێویستە وردە وردە ڕێگاکە ببڕێ ، بەڵام ئەبێ کات نا کاتێ

راوەستێ‌و پشوویەك بدات .. هەنگاوەكانی تا بڵێی كورت‌و قورس بوون ، درندەكەش لەم چاكتر نەبوو ، ئەویش لەو پەڕی شەكەتی‌و نەخۆشی‌دا بوو ..

كە شەوداهات‌و دەریاكە بریقەی دایەوە بۆی ساغ بووەوە كە نزیكەی چوار میلێك لە دەریای نەجات بووندا دوورە .

بەدرێژای شەودا گورگەكە لە ناڵەناڵ‌و كزكین نەكەوت .. ئاسكەكانیش لە هاوار كردن بەر دەوام بوون .. كابرا هەستی كرد كە هیوای بەژیان‌و دەرباز بوون بەرەو بەهێـزی ئەڕوات . ئەومنی ئەزانی كە ئەو گورگەی وەدوی كەوتووە بـــە هیوای ئەوەیە ئـەم بمرێ‌و لە ئەنجاما ببێتە هۆی ژیانەوەی ئەو .. ئای كە واتە مەسـەلە مان‌و نەمانە .. بەردەوامی ژیانە ! كە بەیانی بووەو زەلامەكە چاوی كردەوە بینی گورگە بە چاوێـــكی برسی‌یەوە بۆی ئەڕوانێ‌و لـــە سەرمادا ئەلەرزێ‌و كلكی درێژ كردووەتەوە ..

رۆژ هەڵهات‌و كابراش بەرەو پاپۆڕەكە كەوتە رێ .. دنیـــا خۆش‌و جوان بوو ..

پاش نیوەڕۆ گەیشتە رێگەیەك بەهۆیەوە زانی زەلامێك پێش ئەم پێ‌یا چووە .. شوێن‌پێ‌یەكە وا ئەگەیێنێ كە رێبوارەكە بە پێ نەڕۆشتووە بەڵكو قاچ‌و دەستی بەكـــار هێناوە . تۆ بڵێی ئـەو رێبوارە (بیل)ی هاوڕێ‌ی بێ ؟ ئەمەی لا گرنگ نەبوو چونـــكە ئەوەی هەستی پێ بوترێ لەلا نەمابوو .. دەمـــارو ناو سكی لـــە

خەودا بوون ، ئەوەی باڵی پێوە نـەما تەنیا ژیانەوە بوو .. لـەو بەڕی شەکەتی‌دا بوو .. کەچی خۆش‌ویستی ژیان لـە قووڵایی ناخی‌دا بە گڕ مردندا ئەچوو ، لەبەر ئەوە گیـاو دڕکی لە ئەرزدا دەرئەکردو ئەیخواردو ئاگاتی لە گورگەکە بوو ..

ڕێگەی ئەو زەلامەی گرت کە لە پشتی‌یەوە ڕۆشتبوو ، کـە گەیشتە کۆتایی ڕێـگاکە کۆمەڵە ئێسقانێکی بینی ، ڕانە گورێك ئەماروویان دابوو ، لەولاشەوە تورەکەیەکی بەدی کرد ، تورەکەکە وەك ئەوەی خۆی وایە بەڵام بە دان ئەنجن ئەنجن کراوە ، بە هەزار حاڵ توانی هەڵیگرێ چونـکە ئەو قورس بووو ئەمیش بێ‌هێز .. وانە (بیل) زێڕەکەی تا دوا هەناسەی پاراستبوو .. ئای چەند گێلو دەبەنگ بوو !.. بە هاوڕێ‌یەکەی پێکەنی چونـکە غـەدری لێ کردبوو بەجێی هێشتبوو .. ئێستاکە تورەکە زێڕەکەی لە گـەڵ خۆیدا ئەبا بۆ پاپۆڕەکـەو سوودو قـازانجی لێ وەر ئەگرێ .. لەناکاودا وازی لە پێکەنین هێنا چونکە عەیبە گاڵتە بە هـاوڕێ‌یە مردووەکەی بکات .. جگە لە ئاڵتوونو ئێسقانەکان ..

لە شوێنەکە دوورکەوتەوە ، گەیشتە زەلکاوێك تۆزی ڕاوەستا بە ئومێدی ئەوەی هەندێ ماسی بگرێ ، ئاوەکە ئەوەندە ساف بـوو توانی بەهۆی‌یەوە چاوی لە وێنەی خۆی بێ ، بەڵام ئای لـەو وێنە ترسێنەرو سامناکە ! چاوی بە سێ ماسی کـەوت ویستی بیانگرێ بەڵام ڕەنجی بە فیڕۆ چوو ، لەوەش ترسا گەر بچێتە زیاتر بەسـەر ئاوەکەدا شۆڕبێتەوە نەتوانێ لەبەر لاوازی خۆی بگرێو لە پاشان

بکەویتە ناوی‌و بخنکێ ..

لەو رۆژەدا لای وابوو کـە تەنیا بڕینی سێ میلی ئەوێ بۆ گەیشتنی بە بابۆرەکەو لە رۆژی دووەمدا دوو میل .. ئیتر وای لێ هات نەتوانێ بەپێوە بڕوات بەناچـاری دەست‌و قاچی خستەکار ، واتە وەك (پیل)ی هاوڕێی گاموولەی ئەکرد .. پاش حەوت رۆژ بۆی ساغ بووەوە کە حیسابەکەی لە حەقیقەتدا دوورن ، چونکە بۆ گەیشتنی بە بابۆرەکە پێویست بە رۆیشتنی حەوت میل ئەکـات‌و ئەمیش توانای ئەوتۆی نی‌یە لە رۆژێکدا زیاتر لە یەك میل بڕوات .

لە گاموولە دوورودرێژو سەختەکەی‌دا بەردەوام بوو ، جارێ ئەرۆشت‌و جـارێ ئەبووراپەوە ، هەردوو ئەژنۆی لە شەکەتی‌دا شکان‌و وەك گوشتێکی کوتراویان لێ هاتەوە ، خوێن بـە سـەر ئەرزا ئەتـککا ، بۆ دواوە ئاوڕێـکی دایەوە ، گورگەکەی بینی خوێنەکەی ئەلستەوە ، لێرەدا مەسەلەی‌مردنی هـاتە پێش چاو ، واتە گەر پێت‌و لەم گورگە رزگاری نەبێ ئەبێ بمرێ ، بەم جـۆرە گەورەترین ترازیدیا لە ترازیدیاکانی ژیان پەیدا دەبێ .. پیاوێکی نەخۆش گاموولە ئەکات‌و گورگێکی نەخۆش بە دوایا ئەڕوات ، دوو گیان لەبەر یاخود پاشماوەی دوو گیان لەبەر هەر یەکێکیان ئەیەوێ ئەوەی‌تر بفەوتێنی بۆ ئەوەی خۆی بمێنێ ..

ئەگەر بەتاو گورگەکە لە گورگ بچوبایەو ساغ‌و سەلامەت بوایا زەلامەکە ئەوەندە دەربەست نە ئەبوو ، بەڵام ئەوەی زۆری لا

گران بوو کە بیتە خوارێکی ئەم کێوانەبەرە عاجباتی و بەرپووتو ناخۆشە کە هیچی بۆ نەماوە بمرێ .. دیسانەوە وای لێ هات عەقڵو هۆشی لە سەردا نەمێنێ و بەرەو جیهانی خەیاڵو لێکدانەوە بگەرێتەوە ...

جارێکیان کە خەبەری بووەوە لە پەنا گوێیەوە هەستی بە وڕژەیەکی کرد ، تورگەکە ترساو گەڕایەوە دواوە ، ئەمیش بواریەوە ، پیاوەکە ترسی نەبوو ، چونکە لە فەرهەنگەکەیدا هیچ جۆرە مانایەك بۆ وشەی ترس نەمابوو ، بیری تەنیا لای ئەو بابۆرە بوو کە نزیکەی چوار میل لێ دوورە .. ئێستاکە ئەتوانێ بە چاو ببینێ .. فەنەرو بەلەمە بچکۆلەکە بە چاکی دیارن ، بەڵام ئاخ بێ ناکرێ ئەم ماوەیە ببڕێت !.. ئەمەی چاك ئەزانی و ئەشیزانی کە لە دوای ئەم هەموو رەنج و هەوڵو تەقەلاو کوێرەوەرییە نایێ بمرێت . ئەیەوێ بەسەر تەنگ و چەڵمەو گیروگرفتدا سەر کەوێ ..

چاوی نووقاندو وەك شەرێتێکی سینەما رووداوەکانی پێشووی هێنایە بەر چاو .. ئێستەش کەوا لە کۆتایی رێگاکە نزیك بوەتەوە تۆ بڵێی دان بە تەسلیم بوون دابنێ ؟.. چۆن ئەبێ هەست بە لاوازی بکات و سەعاتی رزگار بوونی زۆر نزیکە ؟!

بێ ئەوەی هیچ جوڵەیەك بهێنێ لەسەر پشت راکشا ، لە ناکاو گوێ لە هەناسەی گورگە ناخۆشەکە بوو وردە وردە لێ نزیك ئەبێتەوە ..

لە نێوان ئەمو گۆڕە ئەکەدا تەنیا هەنگاوێك بوو ، کەچی باکی نەبوو ، هاتە پەنا گۆی هەستی بە زمانە تیژەکەی کرد رووەمەتـــی ئەلستیەوە •• وبستی بەدەست ئەو زمانە بگرێ‌و لە رەگ‌و ریشەوە دەری بهێنێ بەلام جگە لە بۆشایی هیچی بەدەستەوە نەهات •• زانی کە ئەوەی هێزی بێ بوترێ تیادا نەماوەو هیچی بێ ناکرێ‌و بۆ هیچ جۆرە کارێك دەست نادات ••

خۆڕاگرتن‌و سەبووری گۆرگەکە زۆر سەیر بوو و لەویش زیاتر سەبووری پیاوەکە بوو ، چۆنکە تا نیوەڕۆ بەم حاڵەتەو بە ێ زیاتر سەبووری پیاوەکە بوو ، چۆنکە تا نیوەڕۆ بەم حاڵەتەو بە بێ ئەوەی جووڵەیەکی لێ بێ مابەوەو چاوەڕوانی ئەو هەلە بوو کــە دڕندەکە تیادا هێرشی بباتە سەرو کۆتایی بێ بهێنێ ••

بەشێوو لاوازو بێ ئاگا بوو و لە دەریاکە بــەولاوە هیچی کە نەئەدی ، ئەو دەریایەی کە بەســەر جەستەی‌دا شەپۆلی ئەدایەوەو جگە لەو زمانە تیژە نەخۆشە کە جار جارێ ختووکەی رووەمەتــە شکاوەکەی ئەکرد ••

ئاگای لە چریەی هەناسەکانی گورگەکە نەما •• ئنجا لەناکاو کە بە ئاگا بووەوە بینی ئەو زمانی لە رووەمەتی‌یەوە گەیشتووەتە دەستی‌و بیری لەوە کردەوە کە گیان‌لەبەرەکە تیــازی ئەوەیــە هەرچی هێزی تیا ماوەتەوە کۆی کاتەوەو پەلاماری بداتو دان لــە گۆشتەکەی گیر کات‌و ئەو خواردنەی دەست کەوێت کە ماوەیەکی دوورو درێژە لێ بێ بەش بووە ••

ئەم هەراو هۆریایە ماوەیەکی زۆر کەمی خایاندو پاشان کابرا با ئەڵلای لێ کردو بەو هێزە لاوازەی هێزی بردە سەر ، گورگی بەستەزمان ناچار بوو تەسلیم بێ‌و کابرا بنی جۆن دانەکانی لە ملی گیانلەبەرەکەدا گیر ببوون .. پاش نیو سەعات هەستی کرد کە دەمی لە نووکی گورگەکەدا پڕ بووەتەوەو شتێکی بۆن پیس لە قورگیدا ئەچێتە خوارێ ..

ئیتر گەڕایەوە دواوەو لە هۆشی خۆی چوو ، پاشان بە ئاگا بووەوە ..

ئەو پاپۆڕەی کە (بەدفورد)ی پێ ئەوترا ، خەریکی ئەوە بوو کۆمەڵێکی لە پیاوە زاناکان بگوێزێتەوە .. هەندێ لە تاقمی پاپۆڕەکە چاویان بە شتێکی سەیر کەوت لە سەر کەناری دەریاکە کەوتووە ، ئەم شتە سەیرە بەرەو ناو ئاوەکە گاسووڵە ئەکات .. پیاوەکان نەیانتوانی حەقەتی ئەمە بزانن ، بەڵام لەبەر ئەوەی لە پیاوە زانستەکان بوون بەلەمەکەیان خستەکارو بەرەو کەناری دەریا کەوتنە رێ .. زۆریان لا سەیر بوو .. شتێکیان بینی لە ئادەمیزاد ئەچێ‌و لە نیوان مردن‌و ژیانە ..

لە پاش تێپەڕبوونی سێ حەفتە بە سەر ئەم رووداوەدا ، زەلامەکە لە سەر کورسییەکی خۆش لە سەر پشتی پاپۆڕەکەدا دانیشتبوو چیرۆکە ترازیدیاییەکەی خۆی ئەگێڕایەوە .. فرمێسک بە سەر روومەتیدا ئەهاتە خوارێ .. پاسی بەسەرهاتەکانی بۆ ئەکردن‌و پێیانی ووت ناوی کیەو چیرۆکەکەی چۆنە ..

پاش چەند رۆژێك توانی لە سەر سفرەی نانخواردندا هاوبەشی خەلکەکەدا بکات .. تەماشایانی ئەکرد کە چۆن ئادەمیزاد ئەتوانێ ئەم خواردنەی بە ئاسانی وەدەست بهێنێ ..

رقی هەڵئەستاو توڕە ئەبوو کە ئەیانبینی زۆر ئەخۆنو بیر لە پاشە رۆژ ناکەنەوە ، هەمیشە بیری لەوە ئەکردەوە کە خواردنەکە کەم ئەبێو لە چێشت لێنەرو نۆکەرو بەرێوەبەری زەخیرەو تاقمی پاپۆرەکە دەربارەی ئەم مەسەلەیە پرسیاری ئەکرد ... هەر یەکێك لەوانە هەوڵی ئەدا دڵنیای بکات کەچی بڕوای نەئەکرد .. ئەچووە لای کەشتیوانەکانو بسکتو نانی سوال ئەکرد .. لەتە بسکیتو نانەکانی لە ناو باخەڵیدا ئەیشاردەوە وەك گەنجینەیەکی بە نرخ ..

پیاوەکان بەگشتی چاویان لێ بوو و رێگەی ئەم کردەوانەیان لێ نەئەگرتن .. کە تونێو جلەکانیان ئەپشکنی لەتکە نانو بسکیتو شتی تری خواردەمەنییان تیادا ئەدۆزیەوە .. زەلامەکە ئەو شتانەی بۆ پاشە رۆژ هەڵئەگرت .

کابرا هەرچەندە ئەم هەموو کارەساتەی بینی کەچی عەقلی هەر وەك خۆی مابوەوە .. پیاوە زاناکان لایان وابوو هەر کە بگاتە ووشکایەتی لەم نەخۆشییە رزگاری ئەبێ .. ئەوەش راست دەرچوو چونکە بە گەیشتنی پاپۆرەکە بۆ کەندالی (سان فەرەنسیسکو) زەلامەکە وەك پیاوەکەی جارانی لێهات .

ئاگرکردنەوە

ڕۆژەکە هەتا بڵێی ساردو تاریك بوو ، پیاوەکە لە ڕێگە سەرەکی یەکەوە ڕۆی کردە جیاکە بەنیازی ئەوەی لەوێوە ڕێگە سەختەکە بگرێتە بەر بە مەبەستی کۆکردنەوەی هەندێ کوتەڵە دارو هێزم ..

بۆ ئەوەی کەمێ بحەسێتەوە تۆزێ دانیشت ، سەیری سەعاتەکەی کرد پێی سەعات نۆی پێش نیوەڕۆیە ، هەرچەندە کە ئاسمان سافو بێگەرد بوو کەچی بڕێی نەئەکرا هیچ جۆرە نیشانەیەك بۆ هەتاو بەدی بکات .. ڕۆژەکە بەهۆی ئەو شتە تاریکەی کە گەمارووی جیهانی دابوو زۆر تاریکو ڕەش هەڵگەڕابوو ..

کابرا ئەوەندە ڕۆژی ئاوهای بە چاوی خۆی دیبوو ئیتر ئەم مەسەلەیە لەلای شتێکی سرۆشتی بوو .. بۆیە هیچ باکی نەبوو و ئەوەشی ئەزانی کە ئەبێ چەند ڕۆژێك تێپەڕی هەتا ئاسکۆڵە جوان لە لانەکەیدا بێتەدەری و دونیا گەرمو خۆش بێتەوە .. بۆ دواوە ئاورێکی دایەوە ، ڕووباری (ئەلیۆکون) پێی کە بە پەرزایی مەترێك ئەختە بەسەریا دانیشتووەو لەسەر ئەم سەهۆڵەش بە بەرزایی مەترێکی تر بەفر بووەتە میوان ..

هەرچی چاوت پێ بکەوتبا سپی و بریقەدار بوو ، تەنیا هێڵێکی ڕەش نەبێ کە هەتا دوورگە دوورەکەش بگرە لە لایەن باشوورەوە ناوچەکەی بەگشتی گەمارۆ دابوو و تا لەبەر چاودا ون ئەبێ .

ئەو هێڵە ڕەشە بریتی یە لەو ڕێگە سەرەکی یە کە بۆ دەربەندی (شلیکۆت) ئەچێ و نزیکەی پێنج سەد میل درێژە ..

بەڵام ئەمانە بەگشتی : ڕێگە دوورو عاجباتی یەو دەرنەچوونی خۆرو سەرمای توندو تیژو مەسەلەی تەنیایی هیچ کارێکیان تێ نەکردبوو نەك لەبەر ئەوەی بەم سەفەرە سەختانە ڕاهاتووە ، چونکە ماوەیەکی زۆر نی یە هاتووەتە ئەم ناوچەیەوە ئەمەش یەکەم سەفەرە کە لە وەرزی زستاندا ئەیکات .

نەگبەتی ئەم زەلامە لەوەدایە دووربین نی یە .. ڕاستە زۆر بەهێزو ئازاو شارەزای گیروگرفتەکانی ژیانە بەگشتی ، بەڵام ئەمە شتێکی ترە ..

پەنجا دەرەجەی ژێر سفر سەهۆڵبەندان ئەگەیێنێ کە شتێکی ئاسان نی یەو ماتای شەختەو تەزوو ئەبەخشێ کە بەهیچ شێوەیەك تەحەموول ناکرێ ..

تەنانەت بە بیر کردنێکی کەم لەم بارۆدۆخەدا وای لێ هات هەست بە تەزوو تەزینێك بکات ، کەچی بیری لەوە نەکردەوە کە ئەمیش ئادەمیزادێکەو لەبەردەم سەرمادا هێزو قووەتێکی تایبەتی

مەبەو ئەوەی پەوێ لەمە زیاتر بڕوات ئەبێ چاوەڕوانی مردن بکات ..

کە پلەی گەرمایی بگاتە پانزەی ژێر سفر مرۆڤ ناچار ئەبێ جلو بەرگی تایبەتی لەبەر بکاتو ئاگای لە خۆی بێ ، کەچێ ئەم زەلامە لە پلەی پەنجادا ئەوەی کردووە کە دەبێ لە پلەی پانزەدا بکرێ ..

تۆزێ حەسایەوە بەلام خێرا هەستایە پێوەو ویستی بکەوێتە ڕێ ، کاتێ تفی کرد گوێی لە دەنگێکی سەیر بوو ، ترس گرتی ، دووبارەی کردەوە دیسانەوە گوێی لە هەمان دەنگ بوو ئەمجارە پێش ئەوەی تفەکەی بگاتە سەر ئەرز ..

ئەم زەلامە چاك ئەیزانی کە تف لە پلەی پەنجای ژێر سفردا ئەیبەستێتەوەو دەنگێکی ئەوها دەردەکات ، بەلام گەر هاتو پێش ئەوەی بگاتە سەر ئەرزو لە هەوادا بەستێتەوەو بێتە هاتو پێش ئەوەی بگاتە سەر ئەرزو لە هەوادا بەستێتەوەو بێتە سەهۆڵ مانای ئەوەیە مەسەلەکە لە پەنجا تێپەڕ بووە .

ئەمەی لەلا زۆر گرنگ بوو ، چونکە بۆ خۆی بەرەو (هندرسون کریك) ئەچێ بەو مەبەستەی بە هاوڕێیەکانی بگا کە لە پێش ئەمدا بەو شوێنە گەیشتوون .. کابرا کە ئەم ڕێگای گرتووەتە بەر نیازی ئەوەیە ئەو شارەزاییە پەیدا بکات بۆ

ئەوەی بزانێ ئایا بۆ ئەگرێ لە وەرزی بەھاردا بگەڕێتەوەو ھەندێ
مێژەم بیات ..

پاش ئەوەی تاریکی‌دا دێ بە ماوەیەك ، واتە لـە سەعات
شەشی ئێوارەدا ئەبێ بگاتە ئوردوگاکە ، ھاوڕێیەکانی‌و ئاگرە
بلێسەدارەکەو خواردنی گەرم چاوەڕێی ئەکەن ، ئێستاکە خواردنی
بۆیەو خواردنەکـەش خراوەتە ناو دەسەسڕێکەوەو لـە ژێر
پاتۆوەکەی‌دا قایم کراوە ، پێکێ بەکـەرە جەورکراو گوشتێکی
یەکجار زۆر ..

بە بێ ئەوەی چاوی لە ھیچ شوێنەوارێك بێ خۆی‌کرد بەناو
دارە (ئەتتوبەکانە)دا ، ھیچی بەدی نەکرد نە شوێن بێ ئادەمیزادێك‌و
نە شوێنە واری عەرەبانەیەك لەو عەرەبانانەی کە بە سەر سـەھۆڵ‌و
شەختەدا ئەڕۆن .. ئەمە ھیچ کارێکی لێ نەکرد ، چۆنکە ئـەوەی
راست بێ لەوە دڵنیا بوو کە بە ھۆی ئەو خواردنەی کە پێیەتی لـە
بەستەوە رزگاری ئەبێ ، بەڵام ئەوەی کـاری تێ‌کردبوو ئـەم
سەرمایە بەلەعنەتەیەو بەتایبەتی کـاتێ کـە دەستی بۆ لووتەو
رووەتی بردو ھەستی بەوە کرد کە وەك بەردیان لێھاتووە ..

دوا بەدوای زەلامەکە گەماڵێك ئەڕۆیشت ، گەماڵەکـە وەك
گورگ وابووو سەرماش بێ تاقـەتی کردبوو ، چۆنـکە بەپێ
سروشتی تایبەتی خۆی چاك ئەیزانی کە ئەم کاتە کاتی سەفەر کردن
نی‌یەو بەڵام عەقڵی ئادەمیزادەکە توانای ئەوەی نەبوو لـەو شتە

بکاتەو ئاگاداری بکات .. سەرماکە تا بڵێی توندو تیژ بوو ، گەماڵەکەش هەرچەندە بە پلەی گەرماو سەرما شارەزا نی یە بەلام سروشتە تایبەتی یەکەی وای تێگەیاندبوو کە پێویستە ئەم زەلامە خێرا بڕوات بۆ ئەوەی زوو بە زوو بگاتە ئوردوگاکە ، یاخود هیچ نەبێ بیر لە ئاگرکردنێك بکاتەوە ، یاخود پەنا بەرێتە بەر ئەشکەوتێك بۆ ئەوەی لە بەفرو زریاندا بیانپارێزێ ..

پیاوەکەو سەگەکەی کاتی هەناسەیان ئەدا شتێکی وەك لۆکەی شکراو لەدەمیان دەهاتە خوارێ و تووکی گەماڵەکەش لە سەر سمێڵ و ریشی کابرا هەڵئەواسرایەوە .

کابرا کە توتنەکەی بەدان ئەجوا هەستی بە شەختەکە ئەکرد چەناکەکانی ساردوسر ئەکات و ئەیتەزێنێ و لەکار ئەیانخات . . ریشە سوورەکەی وەك تابلۆیەکی شووشەی لێهاتبوو .. گەر بێتو بکەوێتە سەر ئەرز وردو خاش ئەبێتەوە .. کەچی هیچ باکی نەبووو پێ باکانە توتنەکەی ئەجواو تامو لەززەتی ئەم جوانە ئازاری شەختەکەی لە بیر ئەبردەوە .

ویستی هەندێ کوتەڵەدار کۆبکاتەوە .. دەستی بە گەڕان کرد ، ئەیویست ئاگرێك بکاتەوە .. سەیری سەعاتەکەی کرد کات سەعات دە بوو .. لە ماوەی یەك سەعاتدا تەنیا میلێك بە رویشتن ئەبڕی .. کە برسی یی بوو بە نیازی نان خواردن کەمێ دانیشت .. گەماڵەکەش ئەم جۆرە حەسانەوەیانەش پێ خۆش بوو ، رێگەکە

هیچ جۆرە شوێنەوارێکی تیادا بەدی نەئەکرا ، ئەمەش ئەوە ئەگەیێنێ کە زیاتر لە مانگێك تێپەڕیوەو کەس پێرەدا هاتوو چۆی نەکردووە .. کابرا قەت بیری لای ئەم جۆرە خەیاڵانە نەبوو ، تەنیا ئەوەی لا گرنگ بوو نانەکە بخواتو لە سەعات شەشی ئێوارەدا بە هاوڕێیەکانی بگات ..

پیاوەکە ئاڵۆز تەنیا بوو کەسێکی نەبوو دەمەتەقەیەکی لە گەڵدا بکات ، گەر بهاتباو کەسێکیتری لە گەڵدا بوایا ئایا پێیان ئەکرا دەم بکەنەوە ؟ ئێستاکەش دەمی بە بەفر گەمارۆ دراوەو بە تووتن جاپین خۆی خلافاندووە ..

لەناکاو هەستی بە سەرماییەکی وەها کرد کە بە درێژای ژیانیدا هەستی پێ نەکردووە .. هەستاو دەستی بە ڕۆیشتن کردو بەیتا بەیتا هەوڵی ئەدا بەفرەکەی سەر دەمو چاوی بسڕێتەوە ، ئەمەی ئەکرد بە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ ، جارێ بە دەستی ڕاستو جارێ بە دەستی چەپیو کە تۆزێ بوەستایا بەفرەکە دیسانەوە خەرمانەی ئەداو ئەمیش وای لێ ئەهات هەست بە بێ لوونی بکات .

ئەبوایە وەك ئەوانەی کە ڕۆ بە ڕۆی حاڵەتێکی ئەوها ئەبین بکردباو شتێکی بێنجایە دەمو چاوی ، کەچێ ئەمەی لە بیردا نەبوو .. بۆیە هەستی بە پەشیمانی کرد .. ئیتر قەیدی نییە .. خەفەتی نە خوارد .. ئنجا چی ؟ دەمو چاوێکی بەستراوە چ

زیانێکی هەیە ؟ ئەختێ هەست بە ئازارکردنو پاشان نامێنێ ..

سەرەڕای ئەمەش هەستی بە نەوعە ترسێکی کرد ، سروشتێکی سامناك ، رووبارێکی بەستوو ، هەتا ئەرزەکەشی بگرە بووەتە مایەی ترس . بۆ چەند جاری قاچی خلیسکاو بەربووەوە ، ئەیزانی رووبارەکان لەم جۆرە هەرێمانەدا وەك سەهۆلیان لێدێت ، ئەشیزانی کە ئادەمیزاد بە سەر ئەم جۆرە رووبارانەدا بڕوات دوور نییە تووشی ئەو شوێنانە بێ کە سەهۆلەکەی تەنکەو لە ژێر قاچیدا بشکێ و ئەبێتە هۆی فەوتاندنی ئادەمیزاد .. ئەم شوێنانە وەك داو وانەو چالاکترین ئادەمیزاد ئەکەن بە نێچیر .. هەندێ جار قوولایی ئاوەکە نزیکەی مەترێك ئەبێ ، کە سەهۆلەکە ئەشکێت بەفرەکەی ژێری وەدەر ئەکەوێ و قاچی ئادەمیزاد تیادا نوقم ئەبێ و ئەگاتە ئاوەکەو تووشی مەترسی ئەبێ ..

راچڵەکا چونکە لە ژێر پێیەوە گوێ لە دەنگێك بوو لە هەورە تریشقە ئەچوو ، ئەوەشی بینی کە چۆن سەهۆلەکە ئەشکێت و قاچی تەڕ ئەبێ .. ناچار بوو بیر لە ئاگرکردنەوەیەك بکاتەوە بۆ ئەوەی قاچی گەرم کات و پێلاوو گۆرەوی یەکانی وشك کاتەوە ، هەستایە سەر پێ و دیقەتی لە شوێنەکەداو بەفرەکەی سەر دەم و چاوی سڕی یەوە ، کە زانی رێگاکە مەترسی ی ئەوەهای تێدا نییە هەندێ تووتی خستە دەمی و دەستی بە رۆیشتن کرد ..

لە پاش تێپەڕ بوونی دوو سەعاتدا تووشی چەند داوێکی ئاوی

بووەوەو توانی لێیان دەرباز بێ . بە پەنجە بە گەماڵەکەی گەیاند کە لە ڕویشتدا پێشی بکەوێ ، مەبەستیشی ئەوە بوو ڕێگاکەی بۆ تەقی بکاتەوە ، کەچی گەماڵەکە بە قسەی نەکرد .. بە زۆر ناچاری کرد فەرمانەکەی بەجێبهێنێ .. بەم جۆرە توانی لە داوە ئاوی یەکاندا خۆی بپارێزێ .. گەماڵەکە لە کاتی ڕویشتدا کەوتە ناو یەکێك لەو داوانەو قاچی تەڕ بوون ، بەڵام خێرا بازیداو خۆی گەیاندە بەفرەکەو بە دان قەیی لێ گرت بە مەبەستی ئەوەی خۆی لە بەستەوە ڕزگار کات .

سەگەکە بە پێی ئاڵۆشە حەیوانییەکەیەوە ئەمەی کردو ئەگەر ئەمەی نەکردبا ئاوەکەو بەفرەکە پێکەوە ئەبوون بە شەختە.. زەلامەکە دەستکێشەکانی داکەندو دەستی بە یارمەتیدانی گەماڵەکەی کرد ، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاندو پاش یەك دەقیقە دەستکێشەکانی کردەوە دەستو هەردوو دەستی لەناو باخەڵیدا شاردەوە .

لە سەعات دوانزەو نیوی نیوەڕۆدا گەیشتە کەنداڵی (هندرسۆن)و گەر ئەوەستابا دوور ئەبوو لە سەعات شەشی ئێوارەدا بگاتە هاوڕێیەکانی وەك لە پێشدا بڕیاری دابوو .

ڕۆژەکە خۆش بوو ، بەڵام هەتاو لە هەرێمی باشووردا و لە وەرزی زستان دوور دەرئەکەوێ وەك هەرێمەکانی تری سەرەوە .
قۆپچەی کراسو جاکەتەکەی کردەوەو خواردنەکەی

دەرهێنا ، ئەم مەسەلەیە لە چارەکە دەقەیەکی زیاتر ئێشەیەڕیو سەرەڕای ئەمەش هەستی بەوە کرد کە پەنجەکانی سڕ بوونەتەوە ، بۆیە خێرا خێرا دەستی لە ڕانی خشاندو لە سەر کۆمەڵە دارێکی بە بەفر داپۆشراو دانیشت بۆ ئەوەی نانەکەی بخوات .. کوتوپڕ هەستی بەوە کرد پەنجەکانی بە شێوەیەکی سەیر تەزیون .. پێ نەکرا یسکەکە بە دەست بگرێ ، بۆ جارێکی‌تر دەستی لە ڕانی خشاندەوەو دەستکێشەکەی کردە دەست ، ویستی نانەکەی بخوات، بەڵام ئای لەم شەختەیە کە رێگەی نانخواردنی لێ گرتووە !

ئەبوایا لە پێش پیر لە نانخواردن کردن ئاگرێکی بکردایەوە بۆ ئەوەی کەمێك لەم شەختەیە بتوێتەوە .. لە بەزارەیی‌و ساوایەنی‌دا دەستی بە پێکەنین کردو هەستی کرد کە پەنجەکانی ساردو سڕ بونەتەوەو ئازارەکەیان نەماوە .. لە خۆیەوە پرسی : نازانم پەنجەکانی‌پێم تەزی‌ون یاخود گەرمای‌یان پێ گەیشتووە .. کە ویستی لە ناو پێلاوەکانی‌دا بیانجوڵێنێ ئەوەی پێ نەکرا بزانێ هێزیان تیادا ماوە یاخود مردوون .. بۆیە وەك شێتو هار ڕاست بووەوەو غاری‌داو ئەملاو ئەولای کرد تا وای لێ‌هات هەست بە ئازاریان بکات .. سەرماکە لە حەد بەدەرەو پیاوەکەی خەڵکی (سولفورکریك ڕاستی فەرموو کاتی باسی سەرمای ئەم هەرێمەی کرد ، بیری کەوتەوە چۆن گاڵتەی پێ کرد کاتی ئەم قسەیەی بۆ کرد . بەڕاستی ئەم سەرمایە تەحەموول ناکرێ .. بۆیە وەك ئاسێك هەمیشە لە هاتو چۆ بوو ، پاشان شخاتەکەی دەرهێناو

ئاگرێکی کردەوەو نانەکەی خوارد .. بەرە بەرەش بەفرەکەی سەر جەستەی ئەتوایەوە .

کەماڵەکە ئەم دیمەنەی پێ خۆش بووو بە هێمنی لە ئاگرەکەدا دوورو نزیك راوەستا نە وەك توولەکەی پسوونێ .

کە لە نان خواردن بووەوە پایەکـەی دەرهێناو دەستی بە دوکەڵ کێشان کردو دەستکێشەکانی لـە دەست کردو سـەرو گوێچکەی پێچایەوەو بۆ رۆیشتن خۆی ئامادە کرد . سەگەکە حەزی نەئەکرد لە ئاگرەکە دووربکەنەوە ، کە دەیڕۆی بەڕێوە ئاوڕی لـە ئاگرەکە ئەدایەوە وەك ئەوەی بە زەلامەکە بڵێ : باشتر ئەوەیە بۆ لای ئاگرەکە بگەڕێنەوە .. سەگەکە تێگەیشت کە ئەم زەلامە شێتو هارە لە مەسەلەی سەرماو گەرما تێناگات . هەروەها باو باپیرەکانیشی نەیانئەزانی شەختە چۆنەو چی یە ، ئەو شەختەو تۆفە کـە پلەی گەرمایی ئەگەیێتە سەدو حەوت دەرەجەی ژێر سفر ، کەچی خۆی بەوە ئەزانێو باو باپیرانیشی هەروەها ئەزانن و باشیش ئەزانێ کـە ئادەمیزاد لەم حاڵەتەدا پێویستە نەیێتە دەرەوەو لە ناو ژوورەوە بێو تا دونیا خۆش ئەبێ خۆی بپارێزێ ..

ئەوەی بێ بوتری خۆشەویستی لە نێوان پیاوەکەو سەگەکەیدا نەمابوو ، کەماڵەکە چاوی تەنیا لـە قەمچی پیاوەکـە بوو کـە تیرباران لەشی بێ ئەکات ، بەم قەمچی یە ناچاری ئەکرد لە رۆیشتن نەوەستێ ، بۆیە نەیەویست ئەو مەسەلەیەی تێبگەیێنێ ، باکی ئەوەی

ئەبوو پیاوەکە سەلامەت بێ یان نە .. مەسەلە تەنیا گەڕانەوە بوو بۆ لای ئاگرەکە چۆنکە بەرزەوەندی خۆیی تێدایەتی ، بەڵام کە پیاوەکە قسمچییەکەی بەرز نەکردەوە ناچار ئەبوو دوای بکەوێ .. زەلامەکە هەندێ تووتی دەرهێناو بۆ ماوەی نیو سەعات بەسەر رووبارە بەستووەکەدا ڕۆیی بەفر گەماڕووی چەناکەو لووتی دابوو ، داوی ئاوی لەوێدا ئەبوو کەچی کوتوپڕ کەوتە ناو پەکێکیانو تا ئەژنۆ نوقم بوو . توڕەیی دایگرتو جوێنی بە بەختە ڕەشەکەیدا ، چۆنکە ئەمە وای لێ‌کرد ماوەی سەعاتێك دواکەوێتو ئەبێ ئاگرێك بکاتەوەو پێڵاو قاچەکانی وشك کاتەوە .. هەندێ دارە وشکی کۆکردەوەو ئاگرێکی خۆش کردو خێرا مێزەرە چخچیلەی دەرخوارد ئەدا بۆ ئەوەی بە داگیرساوی بمێنێتەوە ، چۆنکە خاموش بوونی ئاگرەکە لەم سەعۆڵبەندانەدا مەترسییەکی گەورەیە .. کابرا گەر نووشی ئەو داوە ئەبووبایەو قاچی تەڕ نەبوایا پێ ئەکرا ترێکەی نیو میلێك بە غاردانو ڕاکردن بیڕێو بەم جۆرە دەمارەکانی بە سووڕانەوەی خوێن گەرم ئەبوونەوە ، ئەمەی بە گشتی لەو پیاوەی کە پار لە (سولفوور کریك)وە هاتبووەوە ئەبزانی ..

هەردوو پێی بە تەواوەتی سڕ ببوونەوەو هەست بە بوونیان نەدەکرد ، بۆ ئەوەی ئاگرێك بکاتەوە ناچار بوو دەستکێشەکەی دانێ ، بەمە پەنجەکانی تەزینو لەکار کەوتن ، کە بەڕێوە دەرویشت خوێن بە ئاسانیو ئاسایی بە ناو دەمارەکانی لەشیدا

ئەنسەرپا ، بەڵام کە پاوەستا هاتوچوکردنی خوێن کز بووەوە ، لەوە ئەچوو ئەمیش خەریکی ئەوە بێ خۆی بپارێزێ ، خوێنەکەش زیندو بوو وەك گیانلەکە ، هەردوکیان ویستیان خۆیان بپارێزن ، زەلامەکە پێ ئەکرا لە سەعاتێکدا چوار میل ببڕێ بۆیە خوێن بە ئاسانی ئەگەیشتە پێستی ، بەڵام ئێستاکە خوێنەکەی لە شوێنێکی زۆر قووڵدا خۆی شاردووەتەوەو بەم جۆرە دەستو پێیەکانی هەستیان بە ئەمسال و ئەونانی خوێنەکەیان کردووەو قاچی سڕ بوەتەوەو پەنجەکانی دەستی چونکە دەستکێشەکەی داکەند ئەمانیش بەستوویانەتەوەو هێنجیان بۆ تەماوە وەك جلوورەیان لێ بێت ، لووت و ڕوومەتیشی وەك پارچە دارێکی وشکهەڵاتوویان لێ هاتووە .

کابرا هەتا ئەم کاتەش لە ژیاندایەو سەلامەتە ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئاگرەکە کرایەوەو ئەمیش بە پێی توانای خۆی هێزی چخچیلەی دەرخواردی ئەدات،پێڵاوەکانی داکەندو قاچی گەرم کردەوەو بەفرە کۆکراوەکەی سەر قاچی سڕییەوە .. بەم جۆرە توانی لە مردن ڕزگاری بێ .. ئامۆژگاریەکانی زەلامەکەی (سولفورکریك)ی هاتەوە بیرو پێکەنی .. ئەوەشی هاتەوە بیرە کە پێی وت : پیاو کە پلەی گەرمایی لە پەنجای ژێر سفر کەمتر بوو نابێ بە تەنیا سەفەر بکات ئێستاکە پێکەس و تەنیایەو بەشێوەیەکی سەیرو عاجیباتی لە مردن ڕزگاری بووە .. پیاو لەم حاڵەتانەدا ئەبێ خۆی تێکەدات و نەترازێ و بە وردی بیر بکاتەوە . هەموو کەسێك ئەتوانێ بە تەنیا سەفەر بکات و پیاوە کۆنەکانیش هەموویان وەك

پیاوەکەی (سولفور کریك) بوونەو لە زنە زۆر ترسوکەکان ئەچن •

کاتی بیری لەم شتانە ئەکردەوە تووشی سەر سوورمانێك بوو ، چۆن بـەم کوتەو بەرییە رووبەتو لووتی بەستیانەوەو چـۆن پەنجەکانی پییان نەئەکرا دارە وشکەکان لە زەوییەوە هەڵگرنو ئەگەریش پێیان کراوە خۆ ئـەم بە هیچ جۆرێك هـەستی پێیان نەکردووە •• ئارادەیەك ناچـار بومەوە بۆیان بڕوانێو بزانێ ئایا توانای شت هەلگرتنیان هەیە یا نە، ••

ئاگرەکە خۆشەو ئەکوزاوەتەوەو ئەمیش بە هۆیەوە وڕەی لـە بەرزیدایە ••

پێـلاوە بەستووەکـانی کردەوەو گورەوییە ئەڵمـانییە ئەستوورەکانی وەك پارچە ئاسنێکیان لێ هـاتبوو ، بگرە هـەتا قیتانەکانیش وەك بەتی پۆلاپین وابوون ••

ویستی بە پەنجـە بیانکاتەوە کـەچی پێ نەکرا ، چەقۆیەك دەرهێنـا •• پێش ئەوەی قیتانەکـان ببڕێت ئـەرز قلیشایەوەو ئەگەبەتییەك ڕۆی دا :

پیاوەکە بێ ئەوەی ئاگـای لە خۆی بێ تووشی هەڵەیەکی گەورە بووبوو ، چونکە نە ئەبوایە لـە سێبەرو سـایەی داری (ئەتنوب)دا ئاگر بکرێتەوە وەکو ئەم کردی •• ئەبوایە لە شوێنێکی چۆڵدا ئاگر بکاتەوە ، کەچی تا ئێرەدا بەزمەکەی ئایەوەو مەبەستی ئەوە بوو بە ئاسانی چڵەکانی ببڕێتو دەرخواردی ئاگرەکەیان بدات،

ئەوەی لە بیر نەبوو کە ئەم جارانە هەر یەکــە بارێــکی بەفری بەسەریەوەیەو بووتە چلورە ، کــە چلەکانی ئەبڕی دارەکــە ئەجولایەوەو ئەبوو بە سەهۆڵ باران بە سەر ئاگرەکەوە •• لــە ناکاو سەهۆڵەکە بەگشتی روخاو وەك ئافگەیەکی گــەورەو بەهێز هاتە سەر ئاگرەکەو کوژاندی‌یەوە ••

رووداوەکە لە حیسابی ئەم زەلامە بەدەر بوو ، قەت ئەوەی بە خەیاڵدا نەهــاتبوو ، بۆیە وەك شێتو سەرسامی لێهاتو ئەتوت توێ بۆ بڕیاری هەڵواسینی ئەگرێ •• بیری لەوە ئەکردەوە ئـەم ئاگرە پێش ئەم کاتەدا چۆن بڵێسەیەکی هەبوو •• دیسانەوە خەیاڵی بۆ ئەو زەلامە کەوتە رێ کە لە(سولفور کریك)دا چاوی پێکەوت ، چۆنکە ئەگەر ئێستاکە هاورێ‌یەکی لە گەڵدا بوایە بێ‌گومــان بۆ داگیرساندنی ئاگرەکە یارمەتی ئەدا •• ئێستاکە ئەبێ هەوڵەکەی دووبارە بکاتەوە بەمەرجێ خۆی تووشی غەڵەت نەکاتو ئەگـەر بێتو سەرکەوێ ناچــار ئەبێ پەنجەیەك لــە پەنجەکانی بێ‌بدا بدۆڕێنێ چۆنــکە ئێستاکە پەنجەکــانی بەگشتــی وەك چلورەیان لێهاتووەو کاتێکی زۆری دەوێ تا ئاگرەکە بکرێتەوە • ئەبێ ئــەم جارە لە سایەی دارەکەدا ئاگرەکە خۆش نەکات •• ئیتر بە ناچاری ئیرەو لەوێ دارە وشکی کۆکردەوە ، بەڵام ئای لە پەنجەکانی کـە توانای ئەوەیان نی‌یە ئەو دارانە هەڵبگرن !

گەماڵەکــە کپو مات بوو سەیری کابرای ئەکرد • • زۆر نائومێد بوو •• پیاوەکە حەسادەتی پێ برد ، چۆنکە بەهۆی ئەم جلە

سڕۆشتی‌یەوە هەست بەم سەرمایە ناکات .. کە لە هێزی کۆکردنەوە بووەوە دەستی خستە گیرفان بۆ ئەوەی شخاتەکە دەربهێنێ ، گوێ لە خشەخشی بوو بەڵام توانای ئەبوو هەست بە بوونی بکات ، پەنجەکانی تەزیبوون و هەستیان تیادا نەمابوو .. چاك ئەیزانی کە لە گیرفانی‌یەتی‌و خشەخش ئەکات ، بەڵام کە ئەیویست بیگرێ پێ نەئەکرا .. کە بیریشی لە قاچەکانی ئەکرد کە هیچیان بۆ نەماوە وەك سەهۆڵیان لێ‌بێت شێت‌و هار ئەبوو ..

دەستکێشەکەی بەهۆی ددانەکانی‌یەوە لە دەست داکەندو خێرا خێرا وەك ئەوەی مەشق بکات دەست‌و بازۆی رادەوەشاند بەو مەبەستەی خوێن لە ناو دەمارەکانی لەشی‌دا حەرەکەت بکات .. بەم جۆرە هەستی بە جۆرە ئازارێکی کرد لە پەنجەکانی‌دا ، دەستی خستە گیرفانی‌و شخاتەکەی دەرهێنا .. یەکسەر پەنجەکانی بەستیانەوە .. کاتی ویستی دەنکە شخاتەیەکی دەربهێنێ شخاتەکەی لێ بەربووەوەو کەوتە سەر ئەرز ، ویستی هەڵیگرێ بیێ نەکرا

چونکە پەنجە مردووەکانی هێزیان تیادا نەمابوو .. پەنجە ولووت روومەت‌و قاچی بەگشتی سڕبونەوە کەچی ئەوەی لا مەبەست نەبووو تەنیا مەبەستی ئەوە بوو شخاتەکە هەڵگرێ ، بۆ چەند جارێك تەقەلای کرد تا لە دوایی‌دا توانی بە ئەنجام بیگات‌و لە دەمی نزیکی کردەوە ، کردیە وەو دەنکێکی دەرهێنا ، دەنکە شخاتەکە لێ بەربووەوە ، توانی بە ددان هەڵیگرێ .. خستی‌یە سەر

پرایی‌و دایگیرساند ، بەڵام لە ناکاو کتوکاو دەنکەکە دیسان بەربووە سەر ئەرزو کوژایەوە ..

پیاوەکەی (سولفور کریك) راستی فەرموو .. چونکە کە پلەی گەرمایی لە پەنجا ئیەر بێ ئەبێ پیاو بە تەنیا سەفەر نەکات .

دەنکە شخاتەکان کە حەفتا دەنك بوون ، هەموویانی پێکەوە بە دەستەوە گرت‌و بەشخاتەکەی سوایاند ، ئیتر گڕیان تێبەر بوو ، لە هێزرەمەکە نزیکیانی کردەوە ، هەستی بە سووتاندنی گۆشتەکەی کرد ، بەهۆی ئەو ئازارەو ئەو بۆنە تایبەتی‌یەوە بەمەی زانی .. لە ئەنجامدا ئاگرەکەی کردەوەو بەو پەڕی هێزو تواناى چڵ‌و داری تێئەگرت ، چونکە ئەیزانی کــە مــان‌و نەمــانی بــەم ئاگرەوە بەستراوەتەوە .. هەستی بە گەڕانی خوێنەکەی کردو لێ ئاشکرا بوو کــە ئێستاکە بەناو دەرماوەکانی‌دا ئەسووڕێتەوە .. کابرا لــەم خۆشی‌بە دابوو کە لەناکاو چڵەدارێکی گــەورە کــەوتە ســەر ئاگرەکــەو کوژاندیەوە .. ویستی فریای کــەوێ بەڵام هیچی بۆ نەکرا ، وەك شێت‌و هاری لێهــات‌و هەستایە پێ‌وەو ســەیری گەماڵەکەی کرد چۆن بۆ خۆی لە سەر سەهۆڵەکەدا بــە بێ باکی جۆکی داوەو بە ئارەزووی خۆی جم‌و جۆڵ ئەکات ..

حاڵەتەکــە وای لێ‌کرد بیر لــە شتێکی ســەیرو ناخۆش بکاتەوە .. چیرۆکی ئەو زەلامەی هاتەوە یاد کە چۆن تووشی هەمان کارەسات بوو بوو، چــۆن توانی گیان‌لەبەرێکی بکوژێ‌و

هەردوو دەستی نوقمی ناو سکی بکات‌و لە مردن‌و فەوتان خۆی رزگار بکات .. کەواتە ئەمیش ئەگەر بتوانێ گەماڵەکە بکوژێ‌و هەردو دەستی نووقمی ناو سکی بکات بەنجەکانی لە سڕبوونەوە رزگاریان دەبێ‌و ئەو ساکە ئەتوانێ ئاگرە داگیرسێنێ .

ئیتر تەماشای گەماڵە بەسەزمانەکەی کردو بێ گەیاند کە بێتە پێشەوە ، شێوەی ئەو داوایە وای لە گەماڵەکەی کرد هەست بە مەترسی بکات ، چونکە تا ئێستاکە گوێ لەم شێوە بانگکردنە نەبووە لەم زەلامەدا ، واتە توانی لە بنەڕەت‌و مەبەستی ئەم داواکردنە بگات .

هەڕەشەکەی دووبارە کردەوە بەڵام سەگەکە هەر نەهات‌و بە قسەی کابرای نەکرد .. لە ئەنجامدا پیاوەکە بەو پەڕی هێزو تواناى پەلاماری‌دا ، سەگەش وەك شێر نەڕاندی‌و لێ دوور کەوتەوە .

بۆ ئەوەی توزێ بحەسێتەوەو هێمن بێ لە سەر ئەرزەکەدا دانیشت‌و بە دان دەستکێشەکانی کردە دەست .. دوای ئەوە هەستایە سەر پێ‌و تەماشای ئەرزەکەی کرد بەو مەبەستەی کە دڵنیا بێ لەوەی قاچەکانی تا ئێستاکە ماون یاخود نە، چونکە نەیئەزانی قاچی ماوە یاخود مردووە .. وردە وردە هاتە سەر خۆی‌و دەنگەکەی جارانی بۆ گەڕایەوە گەماڵەکەش لێ ئەمین بووەوەو هاتە پێشەوە ، کەچی پیاوەکە دیسانەوە سەری لێ شێواو ویستی

هەڕەشەو گوڕەشە کەی دووبارە بکاتەوە ، بەڵام بە چی ئەچێ ؟ ئەوا بە دەست‌تواناى هیچی نی‌یە چۆنکە وەك پلی لە کاردا کەوتوون .. بۆیە باوەنی بۆ سەگەکە کردەوەو بەربووە سەر ئەرزو گیان‌لەبەرەکەش هەوڵی ئەدا خۆیی لێ رزگار کات. دەسەگ دوای ئەم هەوڵو تەقەلایە توانی لێ دوور کەویتەوە نزیکەی چەند مەترێك .. دوور راوەستاو هەردوو گوێچەکەکانی قوت کردەوەو بۆ مەترسی خۆی ئامادە کرد ..

کابرا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئیتر دەرباز‌بوونی زەحمەتەو بەرەو نەمان‌و فەوتان ئەڕوات .. هەردو دەستی پەکیان کەوتووەو هەتا سگی گەماڵەکەش بگرە بێ سوودەو کەڵکی نی‌یە ، چۆنکە ئەم تواناى کوشتنی سەگەکەی نی‌یە ، تەماشاى هەردوو دەستی کرد بۆ ئەوەی بزانێ ئەمانە لە جێگەی خۆیاندا ماون یان نە ..

زۆری لا سەیر بوو کە ئادەمیزاد بگاتە ئەو حاڵەتەی نەتوانێ شوێنی دەستی خۆی بزانێ .. هەستایە پێوەو بۆ ماوەی پێنج دەقەقە مەشقی کردو خۆی جوڵاندەوە ، پاشان هەستی بەوە کرد کە دڵی کەوتە کارو دەستی کرد بە دابەشکردنی خوێن ، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاندو خێرا هاتە سەر حاڵەتەکەی جاران . ئنجا زانی کە مردنی نزیکەو لەوە گەیی کە مەسەلەکە سڕبوونی پەنجەو نەمانی دەست‌و پێی نیە ، بەڵکو مەسەلەکە لەم کاتەدا مردنەو رزگار بوونی لە دەزووی جالجالۆکە باریکترە .. وەك شێت بەسەر بەفرەکە غاری ئەداو هەستی بە مەترسی‌یەکی کرد کە

بە درێژایی زیانی‌دا بە خۆیەوە نەدیوە •• دووریش نەبوو ئەگەر بهاتباو لە سەر ئەم غاردان‌و ڕاکردنە بەردەوام ببوایا خوێن بۆ لەشی بگەڕایەوە یاخود بێ بکرایا بەو ئوردوگــایە بگەیشتبا کــە هاوڕێ‌یەکانی چاوەڕێی ئەکەن • بەڵام ئای لــەم شەختەیە زۆرو سەختەدا ؟! ئای لەم چەند میلەی کــە من لە ئوردوگاکەدا دوور ئەخاتەوە؟بەڵام هەرچۆنێك بێ ئەبێ واز لە هەوڵدان‌و تاقیکردنەوەدا نەهێنێ •

دەستی بە ڕاکردن‌و غاردان کرد ، زۆری پێ سەیرە چۆن ئەتوانێ بــە دەستو پێی سەهۆڵاوی‌یەوە غــار بدات ، یاخــود پێ‌یەکانی چۆن ئەتوانن قورسایی لەشی هەڵبگرن ، ئەو قاچانەی کە ئازو هێزیان لە بەردا بڕاوە !

لە پاش ئەو غاردان‌و ڕاکردنە هەستی هیچی بۆ نەمابوو لــە هۆش بچێ •• راوەستا بۆ ئەوەی پشــویەك بدات دووبارە دەستی بە ڕاکردن کرد ، ئیتر هەر خەریکی غاردان‌و پشودانەوە بێت • • ئەمەش وای لێ کرد تۆزێ بێتە سەر خۆی‌و سکی گەرم بیێتەوە • کــە دەستی بۆ لووت‌و ڕوومەت‌و قاچی برد پێنی وەك پارچە مەعدە تێکیان ئیهانووە، بۆیە هەستی بە مەترسی‌یەکی گەورە کردو واقی وڕمــا ، لای وابوو کــە ئیتر لەشی بەگشتی رەق بوەتەوە ، بۆیە غاری‌داو گەماڵەکەش کەوتە دوای ••

لە ئەنجامدا پەربووە سەر ئەرز ، هەر چــەندی کرد توانای

ڕاستبوونەوەی نەبوو ، هەرچی ناوی هێزو توانا بێ ئەملو ئەوێتە ئەو قەناعەتەی کە پێ ناکرێ ڕو بە ڕوی ئەم سەمۆڵبەندانە بوەستێو بەرەو ئەمان ئەچێ .. چاوی بڕیە سەگەکەی چۆن کپو ماتو هێمنەو لەسەر خۆیەتی ، بۆیە هەزار نەو لەعنەتی لێکرد پاشان هاواری لێ هەڵساو هەستی بە مەترسیەکی کوشندە کرد ..

بەم هاوار هاوارو قیژە قیژە تۆزێ گەڕایەوە سەر بارەکەی جاران‌و بڕیاری ئەوەی دا کە بەو پەڕی ئازایەتی بەرەو ڕوی مردن بچێ ، پێویستە ئاگای لە کەرامەتی خۆی بێو ترسنۆك نەبێ .. ئێستاکە وەك شێت‌و دێوانەی لێهاتووە، چونکە کردەوەکانی بەگشتی لە کردەوەی شێت ئەچن .. وەك تەیرێکی سەر بڕاوی لە خوێنا گەوزاو بە سەر بەفرەکەدا ئەسووڕایەوە لێ موحەقەق بوو کە لەشی خەریکی بەستەوەیەو مردن چاوەڕێ یەتێ .. کەواتە پێویستە بەرامبەر بە مردن ئازا بێو ڕێگەیەکی مەردانە بگرێتە بەر چونکە مردنی واش هەیە گەلێ لەم جۆرە مردنە گرانترو سەخترە ..

بیری ئەوەی کردەوە ، چۆن هاوڕێیەکانی بە مردووی ئەیبینن‌و سەیری لاشەکەی ئەکەن وەك بەردی لێهاتووە ، ئنجا وای هاتە بەر چاو کە خۆی لە گەڵیاندایەو بە دوی لاشەی هاوڕێیە ونبووەکەیان ئەگەڕێن‌و پاشان بینیان لە سەر بەفرەکەدا کەوتووە .

ئەمەشی هاتەوە خەیاڵ کە ئێستا کە لەگەڵ هاوڕێیەکانی بەتێ‌و بۆ لاشە ساردو سڕبووەکەی ئەڕوانێ‌و کە بۆ شارەکەی

ئەگەڕێتەوە بە سەر هاتەکانی بەگشتی بۆ خەڵقەکە ئەگێڕێتەوە ..
پیاوە شارەزاکەی (سولفور کریك)ی کەوتەوە بیر کە ئێستاکە
بەرامبەر بە ئاگرێکی خۆشدا دانیشتووەو پایەکەی لە دەمی‌دایەو
لەو بەڕی خۆشی دایە . بۆیە ڕۆژی ئەم پرسیارەی لێ ئەکا :

- ئەی کابرای زاناو شارەزا تۆ ڕاست فەرموو ..

پاشان غەرقی خەوێکی خۆش‌و هێمن بووەوەو چاویشی لە
گەماڵەکە بوو چۆن بۆی ئەڕوانی .. ڕۆژەکە بەرەو کۆتایی
ئەڕۆشت ، گەماڵەکەش هیچ ئاگرێکی نەبینی‌و بە درێژای ژیانی‌دا
کەسی نەبینیوە لە وەزعێکی ئەوهادا درێژبێتەوە بێ ئەوەی ئاگرێکی
خۆشکراوی لە نزیکی‌دا بێ .. لێ نزیك بوەوەو بە دەوری
سوڕایەوە ، زەلامەکە وەك بەردێکی لیهاتبوو کپ‌و خاموش‌و
بێ‌دەنگ ببووەوە .. گەماڵەکە تا ئەو کاتەی ئەستێرەکانی ئاسمان
وەدەر کەوتن بە دیاری‌دا مایەوە ، مە دوایی‌دا ناچار بوو بەرەو
ئوردوگاکە کەوتەرێ بەو ئومێدەی تووشی کەسێك بێ هەندێ
خواردن‌و گەرمایی‌ی بداتێ ..

بیدہ نگی یہ کی سہی

«کارمن» لە دوو ڕۆژێکی‌تر بەو لاوە ناژیت .. «ماسۆن» کە بە دڵێکی غەمگینەوە سەیری گیانلەبەرە بەستەزمانەکەی کردو ئەی پارچە بەفرەکەی کرد ئەم قسەیەی وت ، پاشان قەیی لە قاچی سەگەکـە گرتو دەستی بە مزینی سەهۆڵە بەستووەکەی نێوان پەنجەکانی کرد . «ماسۆن» لە سەر قسەکەی دەوامی کردو وتی :

– من بە درێژای ژیانمدا سەگێکم نەدیوە ئەم ناوە گەورەیەی پێوە بێ .. ئەم جۆرە سەگانە زۆر خۆڕاگرو هــەر کـە تووشی ئاسانترین گیروگرفت بین ئەتۆپن .. تۆ سـەگت پێبوە بـە ناوی کایــار .. یان .. سیواش .. یاخود . . هاســکی ؟ ئەخێـر گەورەم .. بۆ شۆکۆم بڕوانە ئەومت لێ ئاشکرا ئەبێ ..

سەگەکە قسەی بە کابرا بڕی‌و هێزێکی بردە سەرو هیچی بۆ نەمابوو بە دانە تیژەکانی مللی بپـسـەڕێنێ .. پیاوەکەش ئازایانە لێ دوور کەوتەوەو قەمچی‌یەکەی خستەکار .. ئیتر سەگەکە ناچـار بوو لە سەر بەفرەکەدا خۆی درێژ بکاتەوەو دەست بـسـە ناڵە ناڵ‌و نووزە نووز بـکات ..

ماسۆن وتی :

— من وتم تەماشای شوکوم بکە ، من ئامادەم گرەوت لە گەڵــدا بکەم کە ئەتوانێ ماوەی حەفتەیەك یاخود کــەمتر «کارمن» فووت بدات .

(مالوت کید)یش وتی :

— منیش ئامادەم گرەوت لە گەڵدا بـکەم کــە ئێمە پێش تەواو بوونی سەفەرەکەمان سەر شکوم ئەخۆین .. دە باشە (رۆت) ئەتۆ دەڵێ چی ؟!

ئافرەتە هیندستانی‌یەکە کە خەریکی قاوە لێنان بوو ، جــارێ تەماشای (مالوت کیــد)ی ئەکردو هەندێ جــار بۆ مێردەکەی ئەڕوانی‌و پاشان سەیری سەگەکان کرد ، بەڵام هیچ جۆرە وڵامێکی نەبوو .. ئەوە مەسەلەیەکی راست‌و راستــەقینەیەو پێویــست بــە وڵامدانەوە ناکات ، چونکە تا ئێستا ماوەی دوو سەد میل ماوەو ئــەو تووشووەی کە پێ‌یانە زۆر کەمە ..

ئافرەتەکەو ئەو دوو زەلامە لە دەوری ئاگرەکەدا دانیشتبوون‌و خەریــکی نان خــواردن بوون ، بەڵام چــۆن نان خواردنێك ! سەگەکانیش چاویان تێ بڕیبوون وەك حەسادەتیان پێ ببەن .

مالوت کید .. وتی :

— لە ئەمرۆ بە دواوە رەنگە خواردنمان دەست نەکــەوێ ...

ئەبێ ئاگاداری سەگەکان بین چونکە رەویشتو کردەوەیان بەرەو خراپی دەڕوات .

(ماسون) یش ئاوڕی لە (رۆت) دایەوەو پێ وت :

— خانو (روت) تو نابێ ئائومێد بی .. بەم زووانە لەم بەزمو رەزمە رزگارمان ئەبێ‌و بەو شێوەیە ئەژین کە حەزی لێ دەکەینو ئەوەی سانەوێ وەدەستمان ئەکەوێ .

ئافرەتە هێندی‌یەکە چاوە سوورەکانی بە قسەی (ماسون)ی مێردی گەش بیوونەوە ، ئەم قسە خۆشانە کە یەکەم جارە ئەیانبیسی‌و ئەم شێوە ناسکە کە پیاو لە گەڵ ئافرەتدا بەکاری ئەهێنێ وای لێ ئەکات خۆی لەچاو گیانلەبەرەکانی‌تردا باشترو بەرزتر ببینێ ...

مێردەکەی بەردەوام بوو لە سەر قسەکەی‌و وتی :

— بەڵێ .. بەڵێ خانو (روت) .. ئێستاکە پیاوە سپی رەنگەکە ئەبەین‌و بەرەو (هولت‌ووتر) ئەچین‌و چاو دۆڵ ئەبڕین .. دوور نی‌یە دەیان یا بیست یاخود چل رۆژمان پێ بچێت تا ئەگەینە ئەو شوێنەی کە ئەتوانین وەك خەڵکی‌تردا تیادا بژین .

کە ئەم قسانەی بۆ ژنەکەی ئەکرد ئاورێکی لە (مالوت کید) ی دایەوە ، کەبێی (روت) دایە قاقای پێکەنین کە

تویّ لە گفتوگۆیەکەی نێوان مێردەکەی‌و (مالموت کید) دا بوو ..

بە مەبەستی کەوتنەرێ خۆیان ئامادە کردو سەگەکانیان لە عەرەبانەکاندا قایم کردەوە ، (مالموت کید) یش هانی سەگەکانی‌دا بۆ رۆیشتن ، سەیر ئەوەیە کە ئەم پیاوە بەهێزو ئازایە بەزەییەکی یەکجار زۆری بە سەگەکان ئەهات‌و دژی ئەوە بوو ئازار بدرێن یاخود لێیان بدرێت‌و کە یەکێکیان تووشی مەترسی‌یەکی ببوایا فرمێسك لە چاویدا ئەهاتە خوارێ .. بە بێدەنگی دەستیان بە رۆیشتن کرد ، رێگاکە ئەوەندە سەخت‌و گران بوو رێگەی قسەکردنی لە خەڵقەکەدا بڕیبوو .. چۆنکە ئەوەی بتوانێ لەم هەریمانەدا هات‌و چۆ بە بێدەنگی بکات زۆر بەختیارە ..

سەفەر کردن لەو هەرێمانە جێگەی مەترسی‌و تەنگ‌و چەڵمەیە .. هەنگاو بە هەنگاو مایەی مەترسی‌یەو پێ هەتا ئەژنۆ نوقمی بەفر ئەبێ‌و تەنیا هەڵەیەك دوور نی‌یە ئادەمیزاد بەرەو مردن‌و فەوتان ببات . سەرەڕای ئەمەش زریان‌و هەورەتریشقەی سامناك‌و رەشەبای وەها کە ئادەمیزاد ڕائەپێچێ .. گەر بوو بە سایقەو رەشەباکە بێدەنگ بووەوە ئیتر بێدەنگی‌یەکی سپی جیهان بەگشتی دائەپۆشێ‌و ئەمە لە هەموویان بەهێزو خراپترە ، چۆنکە وا لە ئادەمیزاد ئەکات لە دەنگی هەناسەدانی بترسێ .. لە مردن‌و خواوەندو جیهان بەگشتی بترسێت .

رۆژ لە تەواو بووندا بوو .. (ماسون) پێنەوای کاروانەکە

بوو ، ئەبێشتە هەورازێك، سەگەكان نەیانتوانی سەركەون ، ئەو یانلەبەرە بەدبەختو ماندوو برسییانە هێزیان لەبەردا نەمابوو ..
(ماسون) هەرچەندی كرد هیچی بێ نەكرا ، چۆنكە یەكێك لە سەگەكان كەوتو عەرەبانەكە وەرگێرا ، (ماسون) قامچییەكەی بەكار هێناو ئەو سەگە بەستەزمانەی تیر باران كرد .
(مالوت كید) ئەیراندی :

ـ وز بە .. بەسە (ماسون) .. بەسە .. ئەم سەگە وا خەریكە ئەمرێ ..

كەچی (ماسون) وازی نەهێناو سەگەكەی ـ كە كارمن بوو ـ لە نێوان مردنو ژیاندا هێشتەوە .

(كید) ڕقی هەستاو توڕە بوو .. (رۆث)یش هەوڵیدا ئاشتیان بكاتەوە .. (مالموت)یش تا پێكرا دانی بە خوێندا گرتو بەسەر سەگەكاندا چەمایەوەو هیچی بۆ نەمابوو لە ڕقو تووڕەییدا بتەقێتەوە .. كاروان كەوتە ڕێ ، سەگە بریندار،كەش بە شەلە شەل كەوتە دوایان .. گەیشتە دارە سنەوبەرێكی گەورەو كۆن .. لای درەختەكە لایاندا .. (ماسون) لە سایەی درەختەكەدا دانیشتو دەستی بە پتەوكردنی قەیتانی پێڵاوەكانی كرد .. لە ناكاودا چڵێكی گەورەی ئەم درەختە كە بەفرو میزوو گرانی كردبوون كەوتە خوارەوە ، چڵەكە كە بەربووەوە هەورەتریشقەیەكەی وەها دروست كرد (ماسون)ی وە خەبەر

هێناو ترساندی .. ویستی ڕاپسکێت و خۆی دوور بخاتەوە ، بەڵام جڵەکە لەو خێراتر بوو کەوتە سەر سنگی ..

(مالوت کید) باکی لەم ڕووداوانەی نەبوو ، خێرا فریای (ماسون) کەوت .. سەیریش ئەوەیە کە (دۆت) باوکە ڕۆی نەکردو نەگریا وەك ئەو ئافرەتانەی کە تووشی کارەساتێکی ئەوها ئەبن . بۆیە قورسایی خۆی – وەك (کید) پێ وت – خستە سەر لایەکەی تری جڵەکە بۆ ئەوەی لە سنگی مێردەکەی بەرزبێتەوەو (مالوت کید)یش تەورەکەی خستەکار بۆ بڕینی جڵەکە بە بێ ئەوەی هیچ زەرەرێك بەو ئادەمیزادە بگەیێنێ کە کەوتووەتە ژێری بەوە .

لە ئەنجامدا (کید) توانی ئەو گیانلەبەرە ڕزگار بکات کە لە پێش ماوەیەکدا لە ئادەمیزاد نە ئەچوو .. ڕزگاری کردو لە سەر بەفرەکەدا درێژی کردەوە .

(ماسون) ئەیناڵاند ، خەفەت و غەمباریش ڕۆی ژنەکەی داپۆشیبووەوە .

پلەی گەرمایی شەستی ژێر سفر بوو کەسیش نی یە ئەو توانایەی هەبێ بۆ ماوەی چەند دەقەیەك لە سەر بەفردا بە ڕاکشاوی بمێنێتەوە ..

(کید)و (ڕوث) هەرچی پێستە حەیوانیان هەبوو هێنایان و بۆ

ئەزم کردنەوەی (ماسون) بەکاریان هێناو ئاگریان کردەوە لە ئەبنیتیدا ..

(کید) چاک ئەیزانی کە (ماسون) لە خانەیێکی یەکجار خراپ دایەو لە مردن نزیکە ، پشتو قاچو دەستی پراستی شکاونو ئەندامەکانی لەشی لەکار کەوتوونو بە هەزار حاڵ ئەتوانێ وشەیەک بدرکێنێ .. جگە لەوەش هۆشی لە سەر ئەماوەو قسەی هیچ بووچ ئەکات .

شەو بەسەر چوو .. کە بەیانی بووەوە (ماسون) هاتە سەر خۆیو چاوی کردەوەو ئاوڕێکی لە (مالوت کید)ی دایەوە کە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو پێ وت :

— کید .. ئەرێ ئەو ساڵانەت لەبیرە کە پێکەوە بووین ؟ من لە بیرمە چۆن (روث) یارمەتیەمانی داو بوو بە باشترین یارمەتی دەرمان ..

ئاوانەخواز بووم بتوانم بەرەو وڵاتەکەم بیەمەو لەوێدا ژیانێکی خۆش بەسەر بەرین .. (کید) .. نکات ئێدەکەم (روث) بۆ لای هۆزەکەی ئەتبرێتەوە .. چونکە کارێکی کوشندەیە ئافرەت رەوانەی قەومو خێشەکەی بکرێتەوە .. بۆ ماوەی چوار ساڵ لە گەڵمدا ژیاوە .. لە خواردنمان ئەخواردو وەک ئێمە ئەژیا .. مەیهێڵە بگەڕێتەوە ، مەیهێڵە بۆ جارێکی‌تر بۆ ئەو ژیانەی کە ئیستاکە لە بیری چووە بگەڕێتەوە .. وریای بە ..

بیاریزە .. ڕەوانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی بکە .. ئەوەشت لە بیر بێ .. ئەبێ ئاگات لە منداڵە داهاتووەکەی بێ .. ئومێدەوارم کوڕ بێ .. ئەو منداڵە پارچەیەکە لە جەرگم و بەشێکە لە جەستەم .. هەوڵی لە گەڵدا بدە لەم هەرێمە سامناکەدا نەمێنێ .. گەر هات و کچیش بوو بێگومان ئەتوانێ لێرەدا بژی .. ئەوەی هەمە بیفرۆشە .. نزیکەی پێنج هەزار دۆلار ئەکەن و بە قەدەر ئەم پارەیە یان زیاتر لە کۆمپانیەکەدا هەمە .. با کوڕەکەم لە قوتابخانەیەکی بەرزدا بخوێنێ .. پێش هەموو شتێک ئەبێ نەهێڵی کوڕەکەم بێتە ئەم هەرێمانەدا ، چونکە ئەم شوێنانە بۆ پیاوی سپی دەست نادەن ..

(کید) من ئەمرم .. ڕەنگە چوار شەوی ترم بێ نەچێ .. پێویستە ئێوە بکەونەڕێ .. ئەبێ ئەم ڕێگەیە تەواو بکەی .. ژنەکەم و کوڕەکەم لە ئەستۆی تۆ دان .. ئەی خودای مەزن لێت ئەپارێمەوە کە منداڵەکەم کوڕ بێ .. (کید) .. دەی .. مەوەستە .. عەرەبانەکە لێخوڕە .. دەست بە ڕۆیشتن بکە .. چونکە بە تۆ ناکرێ من چارەسەر کەی .. (مالوت کید) وتی :

— ڕێگەم بدەرێ ماوەی سێ ڕۆژ لە گەڵتابم ... دوور نی یە چاک بێتەوە .

(ملسون) لە وەڵامدا وتی :

— نەخێر .. من بەمە ڕازی نابم ..

— تەنیا سێ ڕۆژ و بەس .

— کاکی خۆم .. پێویستە دەست بە ڕویشتن بکەی ..

کیـــد وتی :

— باشە .. دوور ڕۆژ ؟

— کید .. پێم ئەوتی مەسەلەکـــە پێوەندیی بە ژنەکـــەمو منداڵەکەم هەیە ؟.. بڕۆ ..

— بۆ تەنیا ڕۆژێك ؟

— نەخێر .. نەخێر .. ڕازی نابم ..

— تەنیا یەك ڕۆژ .. من لەم ڕۆژەدا فریای ئەوە ناکەوم تەنیـا ئاسکێك بگرم .

(ماسون) وتی :

— باشە .. ئەگەر مەسەلەکە یەك ڕۆژ بێ بە بێ کەمو زیاد .. من مانعم نی‌یە . هەروەها تکات لێ دەکـەم ئەمهێڵی بـــە تەنیایی‌و بێکەسی بەرەو ڕۆی مردن بم .. تەنیا گوللەیەکم لە تفەنگەکەت بەسە بۆ ئەوەی لەم ئازارە ڕزگارم بێتەوە .. (ڕوت) بانگ بکە ئەمەوێ خواحافیزی لێ بکەمو کوڕەکەمی بێ‌ی بسپێرمو بێ بڵێم پێویستە لێرەدا نەمێنێ .. دەی بڕۆ دەی خوات لەگەڵ ..

(مالموت کید) ئافرەتەکەی جێ هێشت لە لای مێردەکەی‌دا ، ئافرەتەکەش دەستی بە گریان کردو ئەویش بـە دوی ڕاوکردنا ملی‌نا .. بـــە درێژای ڕۆژدا هیچی دەستەکەوتو لـــە پاش

ماندووبوونێکی زۆردا گەڕایەوە .. کە لە نۆردەگاکە نزیک بووەوە گوێی لە هاوار هاوارو قیژ قیژی (رۆث)و وەڕینی سەگەکان بوو ، خێرا هاتە لای ئاورەکە بینی ئەوڕیکی بە دەست گرتووەو سەگەکان دوور ئەخاتەوە ، ئەو سەگانەی کە پەتو زنجیرەکانیان شکاندووەو هێرشیان بردووەتە سەر خواردەمەنییەکە ..

(کید) پارەتییەکی چاکیدا ، بەڵام لە پاش چی ؟ پاش ئەوەی کە توانییان بەشێکی زۆری خواردنەکە تاڵان کەن .

کە بەیانی بووەوە گیانلەبەرەکان وەک شێتو هاریان لێهاتبوو ، ئیتر شەڕە سەگ بوو .. ئەمیش قەمچییەکەی خستە کارو ئیتر وازیان نەهێنا تا ئەو ڕادەیەی کە خەریک بوو قەمچییەکە لەکار کەوێ ..

(روث) لە لای مێردەکەیدا دانیشت وگوێ بۆ قسەکانی شل کرد ، (کید)یش خەریکی ئەوە بوو خواردەمەنییەکە لە ژێر درەختە گەورەکەدا بشارێتەوە وەک ئەوەی راوچییەکان ئەکەن لەم هەرێمانەدا بۆ ئەوەی گورگ و سەگ نەیخوات ..

کە لەمە بووەوە بە قەمچییەکەی سەگەکانی هێمن کردەوەو بە عەرەبانەکانەوە بەستیانەوەو لەشیاکانی بار کردو هەرچی پێستە هەبوو بۆ (ماسون)ی بە جێ هێشت ..

(روث) دوا وانەی لە مێردەکەی وەرگرت پێش ئەوەی

بمرێ •• به خەفەتو ئاوێدیه وه سەیری ئەکردو بێ ئەنەکرا هیچ بلێ •• چونکه هەر له منالیەوه فێری ئەوه بوو بوو بە قسەی پیاو بکاتو وەك دیل وا بێ •• ئافرەتەکه لـه ئلو ئەم بیروڕایانه گەورە بووەو هەر بەم شێوەیە ئافرەتەکانی تری بینیوە •• بۆ دوا جار مێردەکەی ماچ کرد •• پاشان (کید) دەستی گرتو سواری عەرەبانەکەیی کردو بێ ئەوەی ئاگای له خۆی بێ قەمچیەکەی ڕاوەشاندو عەرەبانە کەوتەڕێ ••

(مالوت کید)یش بۆ لای (ماسون) گەڕایەوە •• (ماسون) له هۆش چووە •• (روث) دوور کەوتەوە •• (کیـــد) لــه لایەن هاوڕێیەکەیدا مایەوە چاوەڕوانی ئەوەی ئەکـــرد ڕۆحی بۆ لای خواوەند بگەڕێتەوە ••

سەعاتێكو دوو تێپەر بوون ، پیاوەکه نەمرد ، ڕۆژ گەیشته ناوە ڕاستی ئاسمانو بێدەنگی تا ئەهات زیاتر بەسەر ئاسمانەدا زاڵ ئەبووەوە ••

(مالوت) له هاوڕێیەکەی نزیك بووەوە ، که سەیری کرد بینی لاشەیەکی بێ ڕۆحە•• (کید) خێرا هەستایه سەر پێو سواری عەرەبانەکەی بووەوەو هاواری لـه سەگــەکان کرد بۆ ئەوەی بتوانێ فریای ئەو ئافرەته کەوێ که له پێش ماوەیەکدا عەرەبانەکەی خستە کـــارو ڕۆی ••

●

سوپاس

- بۆ کاك فاخر بەدریی ئامۆزام کە بۆ لە چاپدانی ئەم کتێبە یارمەتیی داوم •

- بۆ (بورهان هەژار)ی هونەرمەند کە وێنەی بەرگەکەی کێشاوە •

- بۆ کرێکارەکانی چاپخانەی الحوادث •

لەبەرهەمەکانی وەرگێڕ

بە عەرەبی

- رذاذ الصدأ 1969
- اجنحة الصمت 1969
- كلمات من كردستان 1970
- رباعيات بابا طاهر 1969
- اغنية حب لـ نوروز 1979

بە کوردی

- ئای چەندم خۆش ئەوێ 1979

بەرهەمی ئامادەکراو بۆ چاپ

- هەڵبژاردە لە دابو نەریتی گەلان .
- کوردو کوردستان لە شیعری عەرەبیدا .